https://doi.org/10.54809/jkss.vi4.243

گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# ترس لە خێرایی لە فەلسەفەی پۆل ڤیریلیو دا

**پ ی د ئازاد حەمە عبداللە**

**بەشی باخچەی منداڵان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.**

azad.hama@univsul.edu.iq

**پوختە:**

لە سەردەمی ئێستادا لە کۆمەڵگەیەکی فرە نوێداین و خێرایی تێکنەلۆژیش یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی ئەم کۆمەڵگەیە. لەگەڵ ئەوەی ئەم خێراییە بووە بە بەشێک لە سروشتی مرۆییمان و کاریگەری بەسەر ئاگاییمانەوە داناوە، ترسیشی لەگەڵ خۆیدا هێناوە. ئامرازە هاوچەرخەکانی گەیاندن: شەمەندەفەری خێرا، فرۆکەی بێ فرۆکەوان، ئینتەرنێت، رۆکێتی بە لیزەر کارکردوو و ...هتد، هەموو ئەمانە خێرایی وەک رەها دەرئەخەن. خێرایی سەردەم، کە بوەتە ئایدۆلۆژیا و گشتمانی داگیرکردووە لەناو ئابووریی، سەربازگەریی و سیاسەتیشدا دەبینرێت. جووڵەی ئێمە لەژێر فشاری ئەم خێراییەدا بووە بە بەشێک لە ئێمە. جووڵەکانمان ئاسایی نیین و لە گشت شوێنێکیش ئەم جۆرە جووڵەیە ئامادەیە. بە واتایەکی تر، سەردەمی ئێستاتامان سەردەمی زێدەڕۆییە لە خێرایی. وەکی تر خێرایی بەرپرسیارە لە گشت رووداوەکانمان (کارەساتەکانمان) و، ئامرازەکانی گەیاندنیش هەتا گەورەتر و خێراتربن رووداوەکانیان گەورەتر ئەبن. ئا لێرەوە ترس لە خێرایی دەستپێئەکات. کارە فەلسەفییەکانی پۆل ڤیریلیو Paul Virilio (١٩٣٢ - ٢٠١٨ ) لە خەسڵەتەکانی کۆمەڵگەی تێکنەلۆژیای زانیارییمان نزیک ئەکەنەوە و، ترس لە خێراییش لە فەلسەفەی ناوبراودا ترسە لە چەند بابەتێک، کە هەوێنی ئەم توێژینەوەیە پێکئەهێنن. ترس لە خێرایی لەلایەک ترسە لە رەهەندی جەستەیی شارستانیی نوێ، کە شارستانییەکی تێکنەلۆژییە، کە رۆڵی سەرەکیی هەیە لە دروستکردنی خێرایی و خێراییکردن، لەلایەکی تر ترسە لە تێکنەلۆژیاکانی خێرایی، کە ئەبێت بە هۆی دابەزینی ئەزموونی مەودایی و جەستەیی. هاوکات توێژینەوەکە بەدوای ئەو کێشەیەوە وێڵە، کە پێیوایە هێزە وێرانکەرەکانی تێکنەلۆژیا مۆدێرنەکانی شارستانیی ئێستا و کۆمەڵگەی تێکنۆ-پیشەسازیی، کە ئەم خێراییەیان هێنایەکایەوە بەرپرسیارن لە دروستکردنی ترس. بەم شێوەیە ئەگەینە ئەوەی بڵێین کاتێک پۆل ڤیریلیو لە توێژینەوەکانیدا لەسەر خێرایی ئەوەستێت، نزیکمان ئەکاتەوە لە خێرایی مرۆڤی نوێ و رەفتارەکانی ئەم مرۆڤە. واتە خێرایی بە مەحەکی ناسینی سەردەم و دیاردەکانی ئەزانێت. کەوابێت ئەم توێژینەوەیە، کە تایبەتە بە ترس لە خێرایی سەردەم، دوو ئامانجی گرنگ لەخۆئەگرێت. ئامانجی یەکەم بریتییە لە کارکردن لەسەر شێوازی فەلسەفیی ڤیریلیو سەبارەت بە خێرایی، کە خێراکردنی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی بەرهەمهێناوە. ئامانجێکی تری ئەم توێژینەوەیە، ئەوەیە، کە ئەوە بخەینە بەرچاو، کە چۆن خێرایی فیزیایی تێکنەلۆژیا، کە تیۆرییەکی ڤیریلیوە، دیاردەکانی کۆمەڵگەی نوێ (جووڵە، کات، جەستە، شار، جەنگ) ئەخاتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە و ئەبێت بە دروستکەری ترس. بەمجۆرە بەپێی فەلسەفەی درۆمۆلۆجیی Dromology (خێراییناسیی) ڤیریلیو ئەگەین بەو دەرئەنجامەی، کە خێرایی ئەو شتەیە، کە گەشەی کۆمەڵگەی نوێی پێ ئەپێورێت.

**کلیلە وشەکان: ترس، خێرایی، پۆل ڤیریلیو، جەنگ، کات، شار، جووڵە**

Recieved: 19/3/2023
Accepted: 31/3/2023

E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

## پێشەکیی

پۆل ڤیریلیو، کە تەلارساز و پلاندانەری شار و توێژەری مێدیا و مێژوونووسی تێکنەلۆژیا بووە، وتاری فەلسەفیی خۆی لەسەر سنووری نێوان فیزیا و فەلسەفە و سیاسەت و جوانیناسیی و شارنشینیی بە «درۆمۆلۆجیی) Dromologyفەرەنسیی (Dromologie « ناوبردووە. هزری ڤیریلیو سەبارەت بە راڤەکردنی»مۆدێلی سەربازیی» گرنگیی خۆی هەیە بۆ چۆنێتیی گەشەی شارە مۆدێرنەکان و پەرەسەندنی کۆمەڵگەی رۆژئاواش. ئەمە رێبازێکی رەسەنە لەسەر بنەمای تیۆری خێرایی، کە ڤیریلیو چەند دەیەیەک پەرەی پێدا و ناوبانگێکی جیهانیی بۆ هێنا. واتە ڤیریلیو تێۆریزەکەری خێراییە و لە میانەی چەمکی درۆمۆلۆجیی (خێراییناسیی)یەوە پەرە بە تێۆرییەکانی ئەدات سەبارەت بەوەی، کە چۆن خێرایی فیزیایی تێکنەلۆجیا کاریگەریی لەسەر هەمووو کۆمەڵگە دائەنێت. لەسەر ئەم بناغەیە ئەوەی بە خێرایی ئەجووڵێت مەیلی ئەوەی هەیە بەسەر ئەو شتەدا زاڵ بێت، کە بە هێواشی ئەجووڵێت. خاوەندارێتیی خاکێک بە پلەی یەک پەیوەندیی بە یاسا و رێککەوتنەکانەوە نییە، بەڵکو پەیوەندیی بە جووڵەوە هەیە. جووڵە و خێرایی و کات؛ ئەو چەمکانەن کە بەردەوام ڤیریلیو لەسەری ئەوەستێت و بیرۆکەکانمان لەبارەی شتەکان و جیهانەوە پێچەوانە ئەکەنەوە.

لەبەرئەوەی ئەم توێژینەوە شیکاریە کار لەسەر واتای خێرایی ئەکات لە فەلسەفەی پۆل ڤیریلیو دا، ئەوەی بۆ ئەم توێژینەوەیە جێگای تێڕامان و شیکاریە، ئەوەیە، کە خێرایی و پەرەسەندنی کۆمەڵگەی رۆژئاوا لێکئاڵاون و ئەو شتەی خێرا ئەگۆڕێت لە شوێنی خۆیدا نامێنێت و سروشتیشی ئەگۆڕێت. ڤیریلیو ئەمە ئەکات بە بناغە بۆ ئەوەی، کە پێمان بڵێت خێراییەکان لەیەک کاتدا لە گشت شوێنێکدان. بە هەمان شێوە لە توێژینەوەکەدا ئەوە پیشان ئەدەین، کە خێرایی لە رێگای تێکنەلۆژیای نوێوە هاتووەتە ناو ژیانمانەوە و ئێستاشمانی داگیرکردووە. هەر ئەمەش پەیوەندیی ئێمە بە دەرەوەی خۆمانەوە رێکئەخات و دواتر ئەبێت بە سەرچاوەی ترسە کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکانمان( گرفتی کەشوهەوا، نیگەرانیەکانی بازاڕی بۆرسە، فۆبیای خواردن، هەڕەشەکانی پەتا، دارمانی ئابووریی، دڵەڕاوکێی زگماکیی و ترساندنی بووناویی... هتد).

کێشەی توێژینەوەکە: کێشەی  توێژینەوەکە لە رێگای پرسیارگەلێکەوە: پەیوەندیی نێوان خێرایی تێکنەلۆژیی و ترس چییە؟ بۆ ترس لە خێرایی تێکنەلۆژیی لە فەلسەفەی ڤیریلیو سەرنجی ئەخرێتەسەر؟چەند ئەم جۆرە لە خێرایی ترسهێنەوە لە داهاتوو یان ئیستادا؟ گفتوگۆی ترس لە خێرایی تێکنەلۆژی لە فەلسەفەی پۆل ڤیریلیودا ئەکات. ئەم خێراییە ، کە دەسەڵاتی لەناو کۆمەڵگەی هاوچەرخدا پراکتیزە ئەکات، ترسی درووستکردووە. بۆیە توێژینەوەکە لە دییدی فەلسەفیی ڤیریلیوەوە واتای خێرایی لە شارستانی تێکنەلۆژیای مۆدێرن ئەخاتە ژێر پرسیارەوە و ئەو شۆڕشە زانیارییەش، بەرباس ئەکات، کە ئەم خێراییەی هێناوەتەکایەوە و دژ بە هێواشی ئەجەنگێت. بۆیە لە میانەی توێژینەوەکەدا جەخت لەوە ئەکرێت، کە تەکنیك لە کۆمەڵگەی هەنووکەدا پەلە لە بەرهەمهێنانی خێرایی ئەکات و خودی خێراییش هۆکاری سەرەکیی گۆڕانی کۆمەڵایەتییە، کە ترسهێنەرە.

گرنگی توێژینەوەکە: شار، جەنگ و تەکنیک لای ڤیریلیو سێ پێکهاتە پێک ئەهێنن، کە یادەوەری مناڵی داگیرئەکات. بۆیە گرنگیی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە رۆشنایی خستنەسەر شێوەی کارکردنی خێرایی لە

شارستانیی نوێ و روونکردنەوەی بۆچوون و پرسیارەکانی ڤیریلیو سەبارەت بە ترس لە گەشەی تێکنەلۆژیادا، لە پێگەی کولتوور و هونەر لەناو ئەم گەشەیەدا، لە میلیتاریزەکردن وەک بەرهەمی تێکنەلۆژیا، لە ئاقاری ئابووریی و سیاسیی سەردەمی جیهانگیریی تەکنیک، لە جەنگ و تیرۆر وەک ئامرازە سیاسییەکانی تێکنەلۆژیای مۆدێرن. بۆیە، ئامانجی ئەم توێژینەوەیە گەڕانە بەدوای بیرکردنەوە لە ترس لە خێرایی بە شێوازی فەلسەفیی ڤیریلیو. هاوکات لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە بیرکردنەوەی رەخنەگرانەی پۆڵ ڤیریلیو لەسەر دیاردەی خێرایی پەرە پێ بدرێت.

گریمانەی توێژینەوەکە: لەبەرئەوەی کە ڤیریلیو خێرایی وەک ئامێرێکی هەڵوەشاندنەوە ئەبینێت، بۆیە توێژینەوەکە گریمانەی ئەوە ئەکات، کە شارستانیی تێکنەلۆژیای مۆدێرن خێرایی خێراتر کردووە و ئەمەش کاریگەریی لەسەر شار، جووڵە، جەستە، هونەر و، سیاسەت داناوە. ئەمەش ترسێکی درووستکردووە لە خێرایی، کە شایانی شیکارکردنە.

لە نوسینی ئەم توێژینەوەیەدا مێتۆدی شیکاری بەکاربراوە هەتا لە رێگای لۆجیکی خێرایی سەردەمی نوێمانەوە، لەو ترسە بکۆڵینەوە کە تێکنەلۆژیای مۆدێرن درووستی کردووە.

لە رێگای پرسیارگەلێکەوە توێژینەوەکە زەمینە بۆ شیکاری خۆی دائەمەزرێنێت: پەیوەندیی نێوان خێرایی تێکنەلۆژیی و ترس لەم جۆرە خێراییە چییە؟ لەسەر چ بناغەیەک ترس لە خێرایی تێکنەلۆژیی لە فەلسەفەی ڤیریلیو رۆشنایی ئەخرێتەسەر؟چەند ئەم جۆرە لە خێرایی، ترسهێنەوە لە کۆمەڵگەی نوێدا؟ بەمجۆرە ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی و سێ بەش و دەرئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێک دێت. لە بەشی یەکەمدا لە رێگای سێ باسەوە قسە لە پۆل ڤیریلیو وەک فەیلەسوفی خێرایی ئەکرێت و لەوێدا رەوتی فەلسەفەیی پۆل ڤیریلیو و درۆمۆلۆجیی وەک سەرەکیترین تێزی ئەم رەوتە لەگەڵ ترس، وەک بەرهەمی خێرایی شیئەکەینەوە. لە بەشی دووەمدا بەهۆی دوو باسەوە شار و جەنگ لەژێر سایەی خێراییدا توێژاندن ئەکرێن. لە بەشی سێیەمدا لەمیانەی سێ باسەوە کات/شوێن، جەستە و جووڵە بەپێی تیۆری خێرایی شیئەکرێنەوە و دواتر بە گفتوگۆی شۆڕشی درۆمۆکراتیی (دەسەڵاتی خێرایی)، کە وەک شۆڕشێکی سیاسیی خۆی نمایش ئەکات کۆتایی پێ ئەهێنرێت. لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا دەرئەنجام و لیستی سەرچاوەکان خراونەتەڕوو.

## بەشی یەکەم: پۆل ڤیریلیو وەک فەیلەسوفی خێرایی

### باسی یەکەم:

١. ناساندنی پۆل ڤیریلیو

پۆل ڤیریلیو شارناسە، فەیلەسوفی خێرایی یان درۆمۆلۆگە(خێراییناسە)، ڕەخنەگری تەلارسازی فەرەنسییە، مێژوونووسی جەنگە، پسپۆڕە لە پرسە ستراتیژییەکانی تەکنەلۆژیای نوێی پەیوەندییکردن، تیۆریزەکەرێکی کۆمەڵایەتییە،مەسیحی، هاوکات چەند خاڵێکی بەرکەوتنیشی لەگەڵ ژان بۆدریاری پۆستمۆدێرنیستیشدا هەیە (Fossen,١٩٩٨). سەرباری ئەوە، لە سۆربۆن فەلسەفەی خوێندووە، لە تەمەنی گەنجیدا هونەرمەندێکی پیشەیی بووە، لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا چالاکەوانێکی ئایینی بووە. لە هەڵمەتەکانی دژی بێ ماڵی و بزووتنەوەی ڕادیۆی ئازاددا بەشدار بووە. ساڵانێک مامۆستا بووە لە قوتابخانەی تایبەتی تەلارسازی لە

پاریس. دوای بڵاوکردنەوەی یەکەم وتارە فەلسەفیەکانی لە ساڵی ١٩٧٣ بووە بە کۆڕاتۆری زنجیرەی ڕەخنەی مەودا «L'espace critique»، کە سەربە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی گالیلیێیە.
ڤیریلیو پاشخانێکی چەپی هەبوو و دواتر لەناو چەند هەڵبژاردەیەکدا: مارکسیزم، کۆمۆنیزم و تۆتالیتاریزم، توانی ئیمان بە مەسیحایی هەڵبژێرێت( (Вирильо,٣٥٥:٢٠١٠-٣٦٤وەکی تر، لە تەلارسازی و پلانسازی شارەوە بۆ خێرایی ئەمە فەلسەفەی سەرەکیی ڤیریلیوە. لێرەشەوە، واتە پاش پێکهێنانی فەلسەفەیەک تایبەت بە خێرایی و ترس لەم خێراییە لە کۆمەڵگەی نوێی ڕۆژئاوا، گەیشت بەو تێگەیشتنەی، کە سێستەمی تەلارسازی نوێی ڕۆژئاوا لەژێر کاریگەریی تێکنەلۆژیای زانیارییدایە. ئەم پاشخانە تێۆرییە بە ئاسانی لە کتێبە دیارەکەیدا"خێرایی و سیاسەت"، کە لە ساڵی ١٩٧٧دا بڵاوکراوەتەوە، دەبینین، کە خێرایی وەک فاکتەری سەرەکیی و پێوەرەکانی پێشکەوتن ئەخاتەڕوو. وێڕای ئەوە، ڤیریلیو یەکێکە لە ڕەخنەگرە بەرهەمدار و دزەپێکەرەکانی درامای تێکنەلۆژیا لە سەردەمی هاوچەرخدا(Kellner,١٩٩٨: ١٠٣)، هاوکات ڤیریلیو ئاگاداریمان ئەداتێ سەبارەت بە پاڵنەرە مەترسیدارەکانی خەونی مۆدێرنە، کە هەمیشە خێراتر دەبێت(McAllister،٢٠٠٨). ڤیریلیو لە هەردوو کتێبی The Vision Machine(ئامێری بینین) وThe Art of the Motor (هونەری مۆتۆر)دا کاریگەریی دیاردەگەری (فینۆمینۆلۆژیا) لەسەر چەمکی ئەو بۆ مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی بەرجەستەکراو و هەستیار دیارە(Kellner١٩٩٨). ئەڵبەتە بە پێچەوانەی فەیلەسوفانی دیکەی تێکنەلۆژیا بۆچوونە فەلسەفییەکانی لە پەیوەندییدان بە دیاردەناسیی مێرلۆ-پۆنتییەوە( (Sobchack, ٢٠٠٤.

٢.ڕەوتی فەلسەفەیی پۆل ڤیریلیو

ڤیریلیو بە داڕشتنی پێگەی فەلسەفی خۆی، مۆدێلێکی شیکاری فیزیای پەیوەندییەکان پێشکەش ئەکات. بۆ شیکاریەکانی ئەوەش سوود لە بابەتەکانی توێژینەوەی کلاسیک و نوێترین توێژینەوەی فیزیا وەردەگرێت. گومانیشی ناوێت ئەو فەلسەفەیەی ئەم بیریارە فەرەنسییە کاریلەسەرئەکات چەمکی «درۆمۆلۆژی» تیایدا چەمکە دڵخوازە و لێکۆڵینەوە لە خێرایی وەک پۆلێکی فەلسەفی ئەکات و لە توێژینەوە فەلسەفییەکانیشی دا گرنگی خۆی هەیە. ئەم چەمکە زۆرێک چەمکی تر لە خۆدەگرێت، یاخود بۆ ئەوەی خێرایی کاری خۆی بکات پێویستی بە زۆرێک چەمکی ترە، لەوانە: گواستنەوەی زانیاری ، جووڵە، تێکنەلۆژیا.

ڤیریلیو لەسەر بنەمای فەلسەفەی خێرایی جۆرێک لە مێژووی کورتی ڕووناکی بەردەسدەخات تا لەو لۆژیکە حاڵییبین لەناو وێنەدا بەرجەستەیە و تێگەیشتنیش لە خێرایی ڕووناکی و نەخشەی نوێی تێکنەلۆژی ڕۆژئاوا ئەخاتە ژێرپرسیارەوە(Armitage,٢٠١٩:٢٦). جگەلەوەی فەلسەفەی ڤیریلیو فیزیای پۆست ئەنیشتاین، شۆڕشی کۆمپیوتەر لەخۆیدا بەرجەستەئەکات و بەردەوام لە دەرگای خێرایی، تێکنەلۆژیا و گەیاندن ئەدات هاوکات لەگەڵ تەلارسازی فەرەنسی کلۆد پاران Claude Parent دامەزرێنەری گروپی «بنەمای تەلارسازی» فەرەنسییە. کارەکانی ڤیریلیو بەرەو تیۆری ڕەخنەیی پۆستمۆدێرنەش خۆی کێش ئەکات. ڤیریلیو یەکێکیش بووە لە شەستوهەشتتیەکان(١٩٦٨) کە لە شەقامدا شوێنێکی بۆ گفتوگۆ درووستکردووە.

تێڕوانینە تیۆری و ڕەخنەگرانە فەلسەفییەکانی ڤیریلیو بەها و گرنگییەکی یەکجار زۆریان هەیە بۆ هەر کەسێک کە بیەوێت لە سروشتی کولتوور و کۆمەڵگەی مۆدێرن، داهێنانە تێکنەلۆژی و زانستییەکان، ئابووریی نێودەوڵەتی، دەستێوەردانی سەربازی و فۆرمە جۆراوجۆرەکانی ڕێکخستنی سیاسی لەو فەلسەفەیەدا تێبگات

(James ٢٠٠٧,). بۆیە کارە فەلسەفییەکانی ڤیریلیو بە تێپەڕبوونی کات زیاتر ناسراو ئەبن، بەتایبەتی لە ئەوروپادا، و ڕەخنەی ڕیشەیی ڤیریلیوش لە بیری کولتووری ڕۆژئاوا گرنگییان هەیە بۆ شیکاریکردنی دیاردەکانی تەکنیکی نوێ. بەریەککەوتن لەگەڵ بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و بەرهەمە چارەنووسسازەکانی ڤیریلیو (Armitage,٢٠١٩:٢) فەلسەفەکردنیان بەسەر ترس لە خیرایی کردە بەشێک لە هزری فەلسەفیی هاوچەرخ و لە هەموو کارەکانیشیدا بیرکردنەوەی کولتووری و سیاسی، یان ئەوەی ڤیریلیو ناوی لێناوە بەڕێوەبردنی ترس گرنگی پێکدێنن(Virilio,٢٠١٢).

## باسی دووەم: درۆمۆلۆجی(خێراییناسی) وەک سەرەکیترین تێزی فەلسەفیی ڤیریلیو

وشەی درۆمۆس(Dromos Δρόμος) ڕیشەیەکی یۆنانی کۆنی هەیە، کە بە مانای ڕەگەز یان یاریگای پێشبڕکێ، ڕێڕەوی پێشبڕکێ، دێت و ڤیریلیو بە چالاکیی پێشبڕکێی بەکارهێناوە (Armitage,٢٠٠٠). هەرچی زاراوەی درۆمۆلۆجییە بە زانستی (یان لۆژیکی) خێرایی پێناسەئەکرێت. ئەم زانستە گرنگە کاتێک، کە پێکهاتەسازی کۆمەڵگە لە پەیوەندیی لەگەڵ شەڕ و مێدیای مۆدێرن لەبەرچاو دەگیرێت. ئەمەش بە هۆکاری ئەوەی، کاتێک خێرایی ڕووئەدات سروشتی شتەکان ئەگۆڕێت و ئەوەی بە خێرایی ئەجووڵێت زاڵ دەبێت بەسەر ئەوەی لە ژیانی مرۆڤی سەردەمدا هێواش ئەجووڵێت(Virilio,٢٠٠٦:٨).

سەرباری ئەوە، ڤیریلیو وتاری فەلسەفی خۆی، کە لە لێواری فیزیا و فەلسەفە و سیاسەت و جوانیناسی و شارنشینیدایە بە درۆمۆلۆجی ناودەبات. ئەم وتارە لەسەر بنەمای تیۆری خێرایی دامەزراوە، کە ڤیریلیو چەند دەیەیەکە پەرەی پێئەدات و ناوبانگێکی جیهانی بۆ هێناوە. خێراییناسی (درۆمۆلۆجی)، کە ڕێبازێکی ڕەسەنە لە فەلسەفەی ڤیریلیو بووشە بە بوارێکی فەلسەفیی و لێکۆڵینەوە لە شارسازی و ناسینەوەی کۆمەڵگەی تەکنیکی ئێستا. ئەمە ڕەوتێکی فەلسەفیی و تەلارسازیی لە وتاری ناوبراودا وەرگرتووە و زانستیانە شارستانی تێکنەلۆژیی نوێی پێلێکئەداتەوە. ئەڵبەتە هەردوو بواری شارسازی و تەلاسازی بەجۆرێک لە توێژینەوەکانی ڤیریلیو دا کاردەکەن، کە مێژووی سیاسی و سەربازی شاریش ئەخاتەژێرپرسیارەوە.

بەوپێیە، گرنگترین بەشداریی ڤیریلیو لە تیۆری مۆدێرن داهێنانی درۆمۆلۆجییە. ئەم تیۆرە زیاتر نوێنەرایەتی چیرۆکێکی زانستی خەیاڵی ئەکات نەک زانست بە مانا باوەکەی. درۆمۆلۆجی ناوەندی زۆربەی بەرهەمەکانی ڤیریلیو پێکدێنێت، ئەمەش بەو پێیەی کۆمەڵگەی تازەی مرۆڤایەتی گیرۆدەی زەبری خێراییە. بە گوێرەی ڤیریلیو پێویستە لەوە تێبگەین خێرایی چەند بنەڕەتییە بۆ ئەوەی لە سەردەمی هەنووکەمان تێبگەین. کەوابێت دەشێت بوترێت خێرایی کلیلی خوێندنەوەی کۆمەڵگەی ئێستامانە (Fossen,١٩٩٨) و ڤیریلیوش داهێنەری خوێندنەوەی ئەو خێراییەیە، کە بەر بەکاربردنێکی فەلسەفییانەی خستووە. ڤیریلیو لە بەکاربردنەکەدا مانای لۆژیکی خێرایی سەردەم ئەخاتەڕوو، کە بناغەی کۆمەڵگەی تێکنەلۆژییە (Virilio,٢٠٠٦:٤٧).

شیاوە لێرەدا پرسین بۆ خێرایی گرنگیی خۆی لە توێژینەوەکانی ڤیریلیو دا هەیە؟ لەبەرئەوەی شارستانی تازە بووەتە شارستانییەکی پڕ لە خێرایی، کە ئەمەش لە پشت گۆڕانکاریی و جووڵە کۆمەڵایەتیی و کولتووریی و سیاسییەکانەوەیە. بە بڕوای ڤیریلیو پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیی لە نزیکەوە تێکەڵ بووە، لەگەڵ پرۆسەی

خێراکردنی گشتیدا(Virilio,۲۰:۱۹۹٤-۲٥). ئەمەش ئەو جۆرە ژیانەی درووستکردووە بە ترسەوە لکاوە. ترسی سەردەمی خێرایی تەکنیکی هاوچەرخ ترسێکی بەردەوامە لەبەر بەردەوامی خودی تەکنیک.

باسی سێهەم: کارگێڕی ترس بەرهەمی خێراییە

خێرایی بەهۆی گەشەی تێکنۆلۆژییەوە گەیشتووەتە قۆناغێکی ترسناك و ترس دروستکەریشە. بۆیە ڤیریلیو قسە لە کارگێڕی(بەڕێوەبردن) ترس شانبەشانی خودی خێرایی ئەکات. لە کتێبی «کارگێڕیکردنی ترس Fearدا»، بایەخێکی زۆر بە مەودا ئەدات و جەختێکی گەورەش لە کوشتنی مەودا ئەکات(Virilio,۲۰۱۲). تەنانەت پێشیوایە، گەر ترس هەبێت لەبەرئەوەیە زەویی لە گرژبوونەوەدایە و مەوداش لە تەسکبوونەوە. لە کتێبی ناوبراودا بۆئەوە دەچێت، کە هەموو خەریکی کارگێڕیکردنی ترسین. ئەم ترسە، کە بەرهەمی تێکنەلۆژیای زانیارییە ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی لەگەڵ خۆیدا هێناوە. ئەمەش وائەکات ڤیریلیو ڕەخنەی ماتریالیبوونی (مادیگەرایی) ژیان لە چاخی تێکنۆلۆژیا بکات و ترس وەک بەشێک لە ئامرازەکانی حوکمڕانی تەماشابکات. وایئەبینێت، کە ترس بە ڕێگەی دیکە سووتەمەنی دەدرێت، سەرەتا ئەتۆمی، پاشان تیرۆریستی و ژینگەیی(Noualhat,۲۰۱۰).

لەسەر بناغەی ئەو بۆچوونانەی لای سەرەوە، ترس بریتییە لە نیگەرانیی و گوزارەی ترسیش لەوێ وەك داگیرکارێک بەکاردەبرێت، بۆنموونە: ژینگە، دەوروبەر و جیهان. ئەمەو ئەم بیریارە فەڕەنسییە ترس لە سنوری تریشدا ئەبینێتەوە، وەك، بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی، جەنگ و برسیەتیی(Virilio,۲۰۱۲). بەمشێوەیە، خێرایی وەک ئامێرێکی هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵگەی تازە خۆی نمایشئەکات.

بەپێی تێگەیشتنی فەلسەفیی و درمۆلۆجیانەی ڤیریلیو ئەمەی پێیدەڵێن دەسەڵاتی زانستی-تەکنیکیی گشت خەسڵەتەکانی داگیرکردن، فیزیاییانە و مێنتالییانە، لەخۆیدا بەرجەستەئەکات. هاوکات پێشیوایە کارگێڕی ترس بریتییە لە کێشەی ناسنامە و بەناسنامەکردنی مەترسی Danger. ئەمەش ئەو کێشەیەیە، کە ئەم بیرمەندە فەرەنسییە لە تەکنیکیی نوێیدا دەیبینێتەوە. تەکنیکیی نوێ بەپێی گشت پێوانەکان ترس هێنەرە، ئەمەش هەڕەشە لەسەر ژیانی تازەی مرۆڤەکان دروستئەکات (Ibid).

واتە، ئەو خێراییەی ئەم جۆرە چاخە دروستیکردووە ترسناکە و شتی تری بەدەمەوەیە، بۆیە ڤیریلیو وایبۆدەچێت، کە «خێرایی فیزیای تێکنۆلۆژی» شارستانیی ئێستامانی تەنیوەتەوە و جۆرە پەلەییەکی (خێراییەکی) لەناو ژیاندا بەرهەمهێناوە. ئەو پەلەییەی تەکنیکیی تازە فڕێداوەتەناو ژیانەوە سستی ڕەتئەکاتەوە و جووڵەی کردووە بە خەسڵەتی کۆمەڵگەی هاوچەرخ. کەواتە، ئەو خێراییەی ڤیریلیو باسیئەکات، کە بەرهەمی تێکنۆلۆژیای نوێیە کاریگەریی بەسەر مەوداش داناوە (Virilio,۲۰۰٦).

لەڕاستیدا، ترسی ڤیریلیو لە تێکنۆلۆژیای زانیاریی وایلێکردووە بانگەشە بۆ دروستبوونی ژینگەیەکی شین بکات، تا لەو مەترسییە دەربازمانبێت، کە ڕووداوە ژێنەتیکی و سیاسیی و زانیارییەکان دروستیدەکەن و ئەو شڵەژانەش شاری نوێ لەژێرسایەی زانستی تەکنیکیی نوێدا تیایدەژێت. ئەمەو ڤیریلیو لە زۆربەی توێژینەوەکانیدا بەئاگاییەوە مۆدێلی جەنگ بۆ دەستنیشانکردنی خولقاندنی میدیای نوێ بەکاردەبات و لەپاڵ ئەوەشدا ڕەخنەی کولتووری تێکنۆلۆژی ئەکات، کە ترس بڵاوئەکاتەوە. بۆیە ئەو کولتوورە ڕەتئەکاتەوە، کە بەهۆی تێکنۆلۆژیای ئێلکترۆنییەوە هاتووەتەدنیاوە.

## بەشی دووەم: شار و جەنگ لەژێرسایەی خێراییدا

باسی یەکەم: شار

بایەخدانی ڤیریلیو بە شار بایەخدانیەتی لەیەک کاتدا بە شەڕ و تێکنەلۆژیا. بەپێی ئەوە شار لەژێرکاریگەریی خێرایی دا گۆڕانی گەورەی بەسەردا هاتوو سروشتی گۆڕاوە وەک خۆی نەماوە. گەیاندنەکانی ناو شار خێرا بووە و خودی خێراییش فۆرمێکیتری بە شار داوە. دەرکەوتنی شار و بوونی شار بە چەقی دەسەڵاتی سیاسی زەمینەی بۆ ئەوە خۆشکردووە، کە ببێتە شوێنی ململانێ. گرنگیدانی ڤیریلیو بە شار لە پەیوەندیی بە تێکنەلۆژیاوە بەرەو ئەو پێشبینییەی بردووە، کە خێرایی بەرهەمی ئەو گەشەیەیە هاتووەتە سەر شار. هاوکات لە تێگەیشتنی فەلسەفیی ڤیریلیو بۆ شار دەبینین جووڵە و خێرایی لە پەیوەندییەکی ئاڵۆزدان لەگەڵ شتگەلێکی وەک سنووری سروشتی و سیاسی شار، ڕێگاوبان و زانستی سەربازی (Andersen,٢٠٠٨).

کەواتە، ڤیریلیو بۆئەوەی درۆمۆلۆجی ڕاڤەبکات تیۆری خێرایی و تێکنۆلۆژی بەسەرئەکاتەوە و وێنەیەکی فەلسەفییشمان لەسەر خێرایی بۆ دەنەخشێنێت و سیاسەتی تێکنۆلۆژیش لە شارە تازەکانی ڕۆژئاوادا ژێرپشکنین دەخات. بۆئەو مەبەستەش جیاوازیی لەنێوان شاری سەردەمی دەرەبەگایەتی و شار لەسەردەمی نوێدا ئەکات و جەختیش لەوە ئەکات، کە ئەوە زەبری خێرایی بوو شارە شورائامێزەکانی سەردەمی دەرەبەگایەتی بەرەو نەمانبرد(Virilio,٢٠٠٦).

تێکنۆلۆژیای زانیاریی شاری تەنیوەتەوە و ڕوخساری مادیی شاریش کەوتووەتە ژێر سایەی تەکنیکەوە. ئەم لایەنەش هەلومەرجێکی دروستکردووە، کە لە کۆمەڵگەیەکدا بژیین پڕبێت لە زانیاریی. ئەگەرچی زانیارییەکان زۆر خێرا پێماندەگەن، بەڵام زۆر پەرت و بەشبەشن (Virilio,١٩٩٦). بۆیە خوێنەر لە میانەی ئەم بۆچوونانەی ڤیریلیوەوە دەخوازێت بپرسێت لە شارێکی وەك شارە گلۆباڵەکاندا، کە پڕە لە شڵەژان ئەو خێراییەی لە شاردا بەدیدەکرێت چ گۆڕانێك دێنێتەسەر بیناییمان، یان تەماشاکردنمان؟ بەپێی شیکاریە فەلسەفییەکانی ڤیریلیو بێت، شاری ئەمڕۆ خێرائامێزە و شوێنێکە بۆ شڵەژان. ئەم جۆرە شارە بوارێکیشە بۆ گوتن هێنانەپێشێ لەسەر پەیوەندیی نێوان شار و زانیاری. بەم جۆرە، شاری مۆدێرنی ئێستا شارێکە بەسەر شوێندا زاڵە، ئەم شارە و گەشەی بینینی ئێمە بۆ ئەم شارە بەرهەمی گەشەی دەسەڵاتی تەکنیکیی و سەربازیی شارە. ترسی ئەم فەیلەسوفە لە لێکدانەوەکانیدا لە شاری گەورە ئاگایی بینینمان ئەخاتەژێرپرسیارەوە و لایەنی سیاسیی و سینەمای بینینیشمان بۆ شار دیاریئەکات (Ibid).

ڤیریلیو لە کتێبی «ڕەهەندی ونبوو»دا باس لە چەند دیاردەیەک ئەکات: پاشەکشەی شار، لەدەستدانی ناوەند و ئاوارەبوون لە کۆمەڵگەی دوای پیشەسازیی و زانیاری، لەدەستدانی ڕەخنەگرانەی بوون، ئەزموونی ژیاو لە جیهانی نوێنەرایەتییە دروستکراوەکانی تەکنەلۆژیا و شێوازەکانی دیدگا (Sinclair,٢٠٠٢:٣٩-٤٢).

بۆ ڤیریلیو، شار بەهۆی سەرهەڵدانی گەڕەکەکانی دەرەوەی شارەوە لە ناوەند دوور دەخرێتەوە، پاشان بەهۆی پەیوەندییەکانەوە، ناوەندی نوێی کارکردن و کارلێککردن لە کۆمەڵگەی دوای پیشەسازییدا دەست بەسەرهەڵدانئەکات. بەمە شار لەژێر زەبری دەسەڵاتی خێرایی دا چوارچێوەیەک وەردەگرێت ئەوە نییە، کە پێشتر هەیبووە. دیارە، کە لە کۆمەڵگەی خێرایی دا شۆڕش لەناو سیستەمی گواستنەوەدا بەجۆرێکی بەرچاو کراوە، پیشەسازییش هەر لەسەرەتاوە وایکردووە فۆڕمێکی تەواو نوێ لە خێرایی بەرهەمبهێنێت

(١٩٩٨,Fossen). لێرەوە بەوەئەگەین، کە بۆ شارناسێکی وەک ڤیریلیو شار دیاردەیەکی چڕ بووەوەی مێژوویە. ڤیریلیو لە توێژینەوەکانی لەنێوان جەنگناسی و شارناسیدا دەخولێتەوە. ئەمەشی کردووەتە بناغە بۆ لێکۆلینەوە لە خێرایی لە جەنگ و شاردا. ئەم بیریارە جەنگی لە شاردا بەدیکردووە. بەمجۆرە جەنگ لەناوەڕاستی شاردا خۆی مەڵاسداوە. ئەمەش وائەکات شار وەک شوێنێک بۆ جەنگ و جەنگیش وەک شار ببینێت. ئەم دوانەش، شار و جەنگ، نوێنەرایەتی خێرایی تێکنەلۆژی دەکەن(١٩٩٩,Kellner).

باسی دووەم: جەنگ

جەنگناسی شانبەشانی تیۆری خێراییناسیی ئەو فەلسەفەیە پێکدێنێت ڤیریلیو کاریلەسەرئەکات. لەو فەلسەفەیەدا جەنگ باشترین خێراییە (٢٠١٨,van Reis). خێرایی، لەوێدا، کە ناوەرۆکێ سەربازی و جەنگیی هەیە دووریەکی سایبەرنێتیک Cybernetics ی (دیسیپلینی ئێلکترۆنی) و فەلسەفیشی هەیە. جەنگ قوتابخانە بووە بۆ ڤیریلیو و بەهۆی دیاردەکانی جەنگیشەوە مەیلی بۆ فۆتۆگرافی، تەلارسازی، وێنەکێشان( شانبەشانی ماتیسMatisse)، پلانسازی شار پەیداکردووە. ڤیریلیو لە کاتی جەنگی هەمەلایەن Blitzkrieg دا ژیاوە و ئەمەش منالّی دیاریئەکات. نوسەری نەرویجی ئێرلینگ فوسن Erling Fossen پێیوایە،ڤیریلیو لەگەڵ ئایینی مەسیحی و ئەزموونی جەنگ دا ئاوێتەبووە. ئەوەتا دەڵێت: «جەنگم هەڵنەبژاردووە، ئەوە جەنگە، کە منی هەڵبژاردووە. من لە ١٩٣٢ دا لەدایک بووم، لە ١٩٣٣ دا فاشیزم هات و لە ١٩٤٠دا جەنگ خۆیکرد بە ژوورا. بۆیە هەموو گەنجی خۆمم لە جەنگدا بەسەر بردووە، ئەوە من نیم کە دژی جەنگم، ئەوە جەنگە کە دژی منە،(...) جەنگ هەمیشە بناغەی من بووە، خاڵی دەستپێکم بووە، من لە هەموو کتێبەکانمدا نووسیومە، من منداڵی جەنگم، جەنگ ئەزموونی کردووم، زەبر و زەنگی پێداوم و هەموو کارەکانم ڕەگ و ڕیشەی لە جەنگدا هەیە، جەنگە باوکم و دایکمە، جەنگ زانکۆی منە، درککردنەکانم لە مارکس و دیکارتەوە سەرچاوە ناگرێت، لە ئەزموونەکانی جەنگمەوە سەرچاوە دەگرێت، بە تایبەت لە جەنگی جیهانی دووەمەوە" (١٩٩٨,Fossen).

چەمکی خێرایی لە توێژینەوەکانی ڤیریلیو دا بابەتی جەنگیش دەوروژێنێت. ئەم جەنگە هێزی سەربازی و دەسەڵاتی سیاسیش بەخۆیەوە گرێئەدات. دەسەڵاتی سیاسی، کە تێکنەلۆژیا قۆرخئەکات ئاقاری جەنگیش دیاریئەکات. ئەم پەرەسەندنە هەزری سەربازیش ئەگۆڕێت و هێزی سەربازی ئەکاتە هێزێکی تەکنیکی و ئەتۆمی. لە رێگای توێژینەوەکانی ئەم فەیلەسوفە فەرەنسییەوە بەو تێگەیشتنە ئەگەین، کە جەنگ لەگەڵ شاردا پێکەوە یەکتر دروستدەکەن. شار، کە دیاردەیەکی مێژوویە شوێنی پیادەی جەنگە. جەنگ و شار پێکەوە خێرایی لە خۆدەگرن. ئەو خێراییەی لە شاردا لەدایکدەبێت جەنگ پیادەئەکات. جەنگ پێویستی بە شارە، تا جووڵەی خۆی بسەێنێت. هەربۆیە باسی خێرایی لای ڤیریلیو گفتوگۆی جووڵەش دێنێتەپێشەوە. دەسەڵات، کە جووڵەیە ئەم جووڵەیە لە شاردا دەردەکەوێت. ڤیریلیو وتەنی هەوڵی دەوڵەتی مۆدێرن بەدوای دۆزینەوە و پەرەپێدانی میکانیزمی کۆنترۆڵکردنی فەزا و جووڵەی گشتی و جووڵەی مرۆڤەکانەوەیە(٢٠٠٦,Virilio). ڤیریلیو هۆشیاری ئەوەشمان ئەداتێ، کە واتای جەنگ گۆڕانکاری هاتووەتەسەر و جەنگ لە جەنگی سەر زەوییەوە بەرەو جەنگ لە ئاسمان ڕۆشتووە و جەنگ کاریگەریی لەسەر شارەکانیش بەجێهێشتووە(٢٠٠٧:٦٤,Virilio). شارەکان، کە تێکنۆلۆژیای هاوچەرخ گۆڕیونی جەنگەکان

کراوەیانی کردوە و جەنگیش هەر جەنگ نییە لە جوگرافیاییەکی داخراودا، بەڵکو تێپەڕاندنی گشت سنور و جوگرافیاکانیشە.

جەنگ بۆ ڤیریلیو «تاقیگەی مۆدێرنەیە». بۆ نموونە ڤیدیۆ لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە پەرەی پێدرا بۆ چاودێریکردنی فڕۆکە و هێلیکۆپتەرەکان بە ڕادیۆ. ڤیدیۆکە لەگەڵ جەنگەکەدا هات، لێ پاش٢٠ ساڵ دواتر لەلایەن هونەرمەندانەوە بەکارهێنرا. بە هەمان شێوە تەلەفزیۆن بۆ یەکەمجار بیری لێکرایەوە، کە وەک جۆرێک لە تەلەسکۆپ بەکاربهێنرێت. سوارکین Sworkin داهێنەری تێکنەلۆجیای تەلەفزیۆن ویستی کامێرا لەسەر موشەکەکان جێگیر بکات بۆ لێکۆڵینەوە لە ئاسمان. هەروەها ئینتەرنێت داهێنانێکی سەربازییە تا سەربازەکان خێراتر و کاریگەرتر پەیوەندیی لەگەڵ یەکتردا بکەن. ڤیریلیو لە کتێبی «جەنگ و سینەما»دا ئاماژە بۆ ئەوە ئەکات، کە چۆن تێکنەلۆژیای سەربازی بە یارمەتی سینەما کاتەکانی پشوودانی مرۆڤ داگیرئەکات(١٩٩٨,Fossen).

سەرباری ئەوەی لای سەرەوە گوترا، جەنگی زانیاریی، کە جەنگێکی شێوە تێکنەلۆژییە و بەرهەمی شۆرشە زانستییەکانە زەمینەی بۆ خێرایی سەردەم مسۆگەرکردووە. ئەم جەنگە لەژێرسایەی ئەمەریکا بەرپائەکرێت و سێستەمی سێبێرنەتیکیش هێزی ئەداتێ و لەسەر سەربەخۆی سیاسیی وڵاتانیش هەڕەشەیە. ئەو جۆرە سێستەمە زانیارییەی ئەمەریکا دروستی ئەکات سێستەمێکی بەرگری نوێیە بەرامبەر بەو سێستەمە بەرگرییە کۆنەی لەماوەی جەنگی سارددا کاری دەکرد(٢٠٠٠,Virilio).

ڤیریلیو ئاماژە بەو دیاردەیەش ئەدات، کە چۆن جەنگ قۆناغی جەنگی نەریتی تێپەڕاندراوە بۆ جەنگێکی نوێ، کە تێکنۆلۆژیای زانیاریی بۆ وەبەدەستهێنانی هەمان شت بەرپائەکات. جەنگەکە لە ساڕوخ هەڵدانەوە بۆ سەتەلایت ڕۆیشت و دەروازەی بۆ جەنگی زانیاریی، ئەو جەنگەی بەلەجیاتی جەنگی ئەتۆمی کرد، خۆشکرد(٢٠٠٧,James). بە پێچەوانەی بۆمبی ئەتۆمی، بۆمبی زانیاری یەک تایبەتمەندی جەوهەری هەیە، کە بەبێ نێوەندگیر کارەکانی خۆی ئەنجام ئەدات. ڕاستە تیشکدانەوە بۆ هەزاران ساڵ بەردەوامە، بەڵام وەک ڕووداوی چێرنۆبیل دەریخست، یەکسەر بڵاونابێتەوە. بە واتایەکی تر: تێکنەلۆژیا ئەلیکترۆنییە نوێیەکان پەیوەندییەکی نزیکیان بە خێراییە توندەکانی کارلێککردنەوەیە (Вирильо,٢٠١٠:٣٥٥-٣٦٤) .

ڤیریلیو جەنگی کەنداوی ١٩٩١ بە سەدەیەکی نوێ لە مۆدێلێک لە جەنگ دەزانێت. ئەم جەنگە لە قۆناغی جەنگی پیشەسازییەوە بەرەو جەنگی زانیاری ڕۆشت. ئەم جەنگە هەنگاو بوو بەرەو خێرایی. خێرایی لەم جەنگە شوێنی بەخۆی گرت. سەردەمی لۆجیستیکی لەم جۆرە جەنگانە زاڵە بەسەر ستراتجیەتدا(Sinclair,٢٠٠٢:٣٣-٤١). لەم جەنگانە جۆرە ستراتیجێکی فێڵبازانەش زاڵە، کە ناراستگۆی ڕاگەیاندن دەردەخات. وێڕایئەوە، مێدیا و تێکنەلۆژیا ڕۆڵیان دی لە بەڕێوەبردنی جەنگ، ئەمەش لە جەنگی کەنداوی یەکەم و دووەم بە باشی دەرکەت، بەهۆی خێرایی خێراییەوە ئێستا ڕووداوەکان دەتوانن لە ئاستی جیهانیدا ڕوو بدەن و لە فەزای ناوخۆیی دابڕاون. مانوێل کاستێڵس Manuel Castells ی کۆمەڵناسی ئیسپانی بە تەواوی لەگەڵ ڤیریلیودا کۆکە کاتێک بانگەشەی ئەوە ئەکات، کە ئێستا تیرۆریستان دەتوانن بە پاڵنانی دوگمەیەک تەواوی شارەکان بسڕنەوە. بەم پێیە ئەو ئاشتییەی لە سەردەمی تێکنەلۆژیادا ئەزموونی دەکەین، هیچی تر نییە لە دۆخێکی جەنگی(١٩٩٨,Fossen).

بەوجـۆرە بێـت، ئەمـڕۆ لـە سـایەی چەكـی لەیـزەر و سیسـتەمی چەكـی كۆنترۆڵكـراوی كۆمپیوتـەردا خێرایـی وێرانكـردن بـەرەو خێرایـی ڕووناكـی دەڕوات، كـە لـە مێـژوودا وێنـەی نەبـووە، جەنگێـك كـە چیـتر قەڵاكانـی جوگرافیـای سـتراتیژی ناناسـێتەوە چونكـە دەتوانێـت لـە هـەر شـوێنێكەوە بیەوێـت بگاتـە هـەر شـوێنێكی جیهـان. ڤیریلیـو بانگەشـە ئـەكات، كـە ئێمـە لـە قۆناغێكـدا دەژیـن نزیكـە لـە كارەسـاتی جیهانـی. بۆمبـی ئەتۆمـی بـە چەكـی لەناوبردنـی تەواوەتـی، كـە بۆمبـی زانیارییـە، گـۆڕدراوە. پێشـەنگێک بـۆ ئـەم بۆمبـە کـۆی زانیـاری دارِمانـی بـازاڕی بۆرسـەی جیهانـی بـوو لـە سـاڵی ١٩٨٧. ئێسـتا جیهـان بـە مانایەكـی تێكنەلـۆژی یەكگرتـووە و ئەمـەش بـەو مانایـە دێـت، كـە ڕووداوێـك لـە شـوێنێكدا ڕوودەدات بـە خێرایـی ڕووناكـی بڵاوئەبێـت بـەوە بـۆ هەمـوو بەشـەكانی جیهـان، كـە لـە ڕێگـەی تۆڕەكانـی زانیارییـەوە بەیەكـەوە بەسـتراونەتەوە. ئەمـەو ڤیریلیـو هەمـوو ئـەو پروپاگەندانـە ڕەتئەكاتـەوە، كـە دەڵێـن عەقڵێكـی ئەپۆكالیپتـیapocalyptic (كۆتـای جیهـان) بوونـی هەیـە. ئـەو دەڵێـت زۆرێـك تێكنەلۆژیـای مۆدێـرن بـە تەنیـا وەك فۆرمێكـی هونـەری دەزانـن، بـەڵام ئـەو، ڤیریلیـو، خەمـی لایەنـە نەرێنییەكانـی تێكنەلۆژیاشـە(Ibid).

سـەرباری ئـەوە، ناواخنـی جەنگـی سـەردەمی ئێسـتا بریتییـە لـە كۆشـش بـۆ داگیركردنـی دوژمـن بەهـۆی ئـەو تێكنۆلۆژیـای زانیارییـەی كەوتووەتـە نـاو دیـاردەی سـەربازگەرییەوە و ئەمـەش زەمینـەی بـۆ جەنگـی زانیاریـی خـۆش كـردووە، كـە كـەم وڵات دەتوانـن لـە جەنگـی لـەم شـێوەیە بەشـداربن، یـان تێیـدا سـەركەوتوو و براوەبـن. ئەڵبەتـە كۆچـی لاوانیـش لـە جیهانـی سـێدا لایەنێكـی تـر لـە گفتوگۆكانـی ڤیریلیـو سـەبارەت بـە كۆمەڵگـەی تـازە نیشـانئەدات و ئـەو وێرانسـازیەی وڵاتانـی دەرەوەی ڕۆژئـاواش پیایتێدەپـەڕن، وەك هـۆكار بـۆ سـەرهەڵدانی ئـەو كۆچـە ئەبینێـت.

ئـەوەی لایسـەرەوە، ئـەو دۆخەیـە، كـە ئەكرێـت ناونرێـت تێكنەلۆژیاكانـی سـەربازی و سیسـتەمی تێكنەلـۆژی، كـە هەمـوو لایەنەكانـی ژیانمـان كۆنتـڕۆڵ ئـەكات. بـە بۆچوونـی ڤیریلیـو، ماشـێنی جەنـگ هێـزی باڵادەسـتی گەشەسـەندنی تێكنەلۆژییـە و هەڕەشـەی كۆتاییـە بـۆ سـەر مرۆڤایەتـی. ئەمـەش بـەو پێیـەی ئـەو حاڵەتـە لەنـاكاو هەمیشـەییە دروسـت ئـەكات كاتێـك هۆلۆكۆسـتی ئەتۆمـی هەڕەشـە لـە هەمـوو مانـەوەی جـۆری مـرۆڤ ئەكات. ئەمـەش گۆڕانكارییـە لـە جیۆپۆلەتیكـەوە بـۆ سـەردەمی سیاسـی و لـە سیاسـەتی شـوێنەوە بـۆ سیاسـەتی كات، كـە تیایـدا هێـزی كۆمەڵایەتیـی -سیاسـی باڵادەسـت بـۆ هەمـوو كەسـێكە، كـە بتوانێـت ئامرازەكانـی پەیوەندیـی و زانیـاری و ماشـێنەكانی لەناوبـردن كۆنـترۆڵ بـكات(Sinclair,٢٠٠٢:٤٤-٤٨).

## بەشی سێهەم: كات و جەستە بەپێی تیۆری خێرایی

باسی یەکەم: كات و شوێن لەگەڵ زیادبوونی خێراییدا

بەپێـی تیـۆری خێرایـی كاتـی تـازە لـە كاتـی نـوێ جیـاوازە و لـە سـەردەمە كۆنەكانـدا ڕووداوەكان كەمـتر و سادەتر بـوون، هەرچـی مرۆڤـی سـەردەمی نوێیـە پێویسـتی بەوەیـە خێرابێـت، زیـاد لـە پێویسـت خێـرا. ئەمـەش لـە پشـت ئـەو ڕووداوانەوەیـە ڕووبـەڕووی مرۆڤـی سـەردەمی نـوێ ئەبێـت بـەوە، كـە ئالـوودەی خێراییـە. لـەم بارەیـەوە ڤیریلیـو بەجۆرێـك تەماشـای كات ئـەكات، كـە كاتـی نـوێ جێـگای بـە كاتـی كـۆن لەقكـردووە و خـودی خێراییـش كات قوتئـەدات. بەپێـی هـزری فەلسـەفیی ڤیریلیـو شـاری مۆدێـرن بووەتـە ژێرخانـی تێكنەلـۆژی بـۆ

کۆنترۆڵکردنـی کات. پایەختـە گـەورەکان تەنیـا بریتیـی نیـن لـە شـوێن، بەڵکـو ئـەو شارانەشـن. کـە کاتـەکان تیایانـدا یەکدەبـڕن(Virilio,١٩٩٤). بەپێـی ڤیریلیـو ئـەو پەرەسـەندنەی هاتووەتەسـەر خێـرای بووەتـە بناغـە بـۆ هێـزی تەکنیـک ئەمـەش کاریگەریـی لەسـەر کات و شـوێندا دانـاوە. خێرایـی بـاڵا و تازەگـەری هـەردوو هەمانـن، گەشـەی تەکنیکییـش لەلایـەن خۆیـەوە توانیویەتـی لەنێـوان شـوێن و تێگەیشـتن بـۆ کات دا جووڵەمـان پێبـکات. ئەگەرچـی «تازەگـەری دەسـتگرتنە بەسـەر کاتـەوە نـەك شـوێنەوە»، بـەڵام گومانـی ناوێـت تەقینـەوەی پەیوەندییـی نێـوان کات و شـوێن ئـەو تازەگەرییـە لێیبەرپرسـیارە، کـە تەکنیـك پێگەیشـتووە(Zurbrugg,٢٠٠١, ١٥٤-١٦٣ ).

فەلسـەفەی تەکنیـک بنەمـای فەلسـەفەی ڤیریلیـو دائەنێـت. بەپێـی ئـەم فەلسـەفەیە خێرایـی بەهـۆی تەکنیکـەوە گەشـەیکردووە. لەئێسـتادا تەکنیـک بەهـۆی شـەپۆلی کەهرۆموگناتیزییـەوە توانیویەتـی دوو دیـوار ببڕێـت. دیواری دەنـگ و دیـواری گەرمایـی، بـەڵام لەگـەڵ کاتـی ڕاسـتەقینەدا بەریەکدەکەوێـت، ئەمـە وائـەکات دیـواری ڕوناکـی نەبڕێـت. لێـرەوە ڤیریلیـو بـەرەو ئـەو تێگەیشـتنەمان دەبـات، کـە تێکنەلۆژیاکانـی خێرایـی ئەبێـت بـە هـۆی دابەزینـی ئەزموونـی شـوێن و جەسـتەی زینـدوو و قەیـران لـە نوێنەرایەتیکردنـی واقیعـدا (Сидоров,٢٠١٠). خێرایـی توانیویەتـی باڵادەسـتی خـۆی بەسـەر گۆڕانکارییـە کۆمەڵایەتیـی و ئابوورییەکانـدا بسـەپێنێت و مێـژووش بـەرەو شـوێنێک و کاتێکـی جیـاواز ببـات. ئەگـەر یەکـەم شـوێنی جەنـگ لـە مەیدانـی جەنگـدا بووبێـت، ئـەوا جەنگـی ئەمـڕۆ، لـە سـەردەمی خێراییـدا، بووەتـە خاوەنداریەتـی کات، نـەک مەیدانێکـی سـنووردار. بـەم شـێوەیە خێرایـی بووەتـە بوارێـک، کـە جێگـەی فـەزا دەگرێتـەوە، کـە تێیـدا سیاسـەت مەشـق بـە جووڵـەی خـۆی ئـەکات. ئەمـە وائـەکات ڤیریلیـو بڵێـت: دەسـەڵات دەسـەڵاتی گـەل نییـە (دیموکراسـی)، بەڵکـو هێـزی خێراییـە (درۆمۆکراسـی) و ئـەو شۆڕشـە ڕاستەقینەیەشـە ڕۆژئـاوا ئەزموونـی کـردووە. واتـە شۆڕشـەکە لـە خـودی خۆیـدا درۆمۆلۆجییـە، نـەک پیشەسـازیی(Virilio,٢٠٠٦:٧٧-٨١). وێـڕای ئـەوە، ڤیریلیـو بـەو ئەنجامـە گەیشـتوە، کـە پەیوەندییـە سیاسـییەکان لـە سـەردەمی مۆدێرنـەدا دەبێـت پشـت بـە فاکتـەری خێرایـی ببەسـتێت، هـەر بۆیـەش پێویسـتە ئـەم جـۆرە پەیوەندییانـە وەک پەیوەندییـە سیاسـییەکانی کات سـەیر بکرێـن، نـەک وەک جیۆپۆلیتیـک(Redhead,٢٠٠٤:٦٧-٧٢). ڤیریلیـو هـەردەم لـەو خاڵـەوە دەسـتپێئەکات، کـە مۆدێرنـە بـە کۆنترۆڵکردنـی شـوێن(بیرۆکەی دەوڵـەت وەک جوگرافیـا) ناناسرێتـەوە، بەڵکـو بـە کۆنترۆڵکردنـی کات (حکومەتـی کات)( Zurbrugg,٢٠٠١:١٥٤-١٦٣).

ڕوونکردنەوەکانـی ڤیریلیـو لەبـارەی خێرایـی و کاتـەوە گفتوگـۆی مـەودا و مێدیاشـی لەخۆگرتـووە و ئـەم لایەنانـەش گفتوگۆکانـی ڤیریلیـو بەرینەدکـەن و بـە ژیانـی ڕۆژانـە و سیاسـەت و کاتـەوە تایبەتیدەکـەن. هـەر بۆیـە، خستنەژێرپرسـیاری کات و مـەودا لـە توێژینەوەکانـی ڤیریلیـودا پەیوەندییـی بەخسـتنە ژێرپرسـیاری ژیانـی نـوێ و زانسـتی نوێـوە هەیـە. لێـرەدا مەبەسـت لـە زانسـتی نـوێ، ئـەو زانسـتە نوێیەیـە، کـە کاریگەریـی گـەورەی لەسـەر ژیانـی نوێـمان دانـاوە(Virilio,٢٠٠٠:٧٣-٧٩). ئـەو پەلەییـەی تێکنۆلۆژیـای نـوێ دروسـتیکردووە مانـای شـوێنی گۆڕیـوە و ئـەوەی بـۆ ئـەم تێکنۆلۆژیایـەش گرنگـە کاتـە، نـەك جوگرافیـا، ئەڵبەتـە بڕینـی شـوێنەکانیش لـە تێگەیشـتنی ئـەم بیریـارەدا تێگەیشـتنی بـۆ مـەودا گۆڕیـووە.

جیهانگیـری و بـە تایبەتـی ئـەوVirtual ەی لـە ڕێگـەی تۆڕەکانـی پەیوەندییـەکان و ڕێـگا سـەرەکییەکانی زانیارییـەوە بەدەسـت هاتـووە، ئـەو شـتە بەرجەسـتە ئـەکات ڤیریلیـو ناویدەبـات بـە «ڕووداوی جیهانـی».

ڕووداوە کۆنەکان لە کات و شوێندا ناوچەیی بوون، بۆنموونە ڕووداوێکی شەمەندەفەر لە بەرلین یان پاریس. تەنانەت بۆمبی ئەتۆمیش لە کات و شوێن سنووردار بوو. مێژوو پێشتر لە چوارچێوەی ناوخۆیی و ناوچەیی و نیشتمانیدا پەرەی سەندووە. کارەساتەکانی پێشوو لە بۆشایی ڕاستەقینەدا جێگیر بوون، بەڵام لەگەڵ داهێنانی خێرایی ڕەهای ڕووناکی و شەپۆلی کارۆموگناتیسی، ئەگەری سەرهەڵدانی ڕووداوێکی جیهانی هەیە. ئیتر کەس نایەوێت لە کاتی ناوخۆییدا بژی وەک ئەوەی لە مێژوودا بووین، ئەو کاتەی ئێمە دیلی مێژوو بووین. ئێستا ئێمە لە سەردەمی جیهانیدا دەژین (١٩٩٨,Fossen).

سەرباری ئەوە، هەموو بوونەوەرێک لە ڕیزبەندییەکی کاتیدا قەتیس کراوە؛ جیهان لە چوارچێوەیەکی کات و شوێن دا هەستی پێئەکرێت. ئەو ڕێزبەندییە کاتییەی ئەمڕۆ مرۆڤ لە چوارچێوەیدا ئەجووڵێت فۆرمێکی گونجاوی ئەزموونی کات نییە. بەم پێیە ئیتر کاتەکانی مرۆڤ تاکە کات نییە بۆ تێگەیشتن لە جیهان. کاتی ئامێرەکان و کاتی نانۆ Nano گرنگترین کاتن بۆ سیاسەت و ستراتیژی(Ibid).

باسی دووەم: جەستە و جووڵە لەناو تەکنیکی نوێدا

جەستە و جووڵە لەناو تەکنیکی نوێدا وەک خۆیان نەماون و مێژووش لە سەردەمی کۆنەوە بریتی بووە لە خێراکردنێکی تەکنیکی ( van Reis,٢٠١٨)، ئەمەش پێماندەڵێت شۆڕشی زانیاری یارمەتیدەرە بۆ دابەشکردنی هۆشیاری و جەستەی مرۆڤ، کە شتێکی کوشندەیە. پەرەسەندنی هەواڵگری سەربازی، کە بە تێکنۆلۆژیکراوە و جیهانی ژیانی مرۆڤی داگیر کردووە، لەم ساڵانەی دواییدا خێراتر بووە. ڕۆژانە دەبینین، کە ڕاستی مەجازی virtual reality بووەتە ڕاستی. کاتێک لە ڤیریلیو دەپرسن ژیانی ڤێرتواڵ چی بەسەر جەستەدا دێنێت، بەمجۆرە وەڵام ئەداتەوە: ئەمە وەک ئەوە وایە مرۆڤ چاوی فڕێ بدات و هێشتا توانای بینینی هەبێت. دەست و چاو بە دەستکێشی کۆمپیوتەر گۆڕدراوە، جەستە بە ناونیشانی کۆمپیوتەر و سێکسی ڕاستەقینەش بە سێکسی ڤێرتواڵ (Virilio,١٩٩٥:٦١-٦٧). بەم شێوەیە هەموو سیفەتەکانی جەستە یەک بە یەک دەگوازرێنەوە بۆ ئامێرەکە. ڤیریلیو لە کتێبی «هونەری ماتۆڕ»دا باسی ئەم پێشکەوتنە ئەکات، کە تێیدا تێکنەلۆژیا جەستەی بایۆلۆجی داگیرکردووە. ئەنجامەکەی ئەوەیە، کە جەستەمان لەبیر دەکەین و مەترسی لەدەستدانیمان لەسەرە. ئەم هەڵوەشانەوەیە بەدبەختی جەستەیە(Fossen,١٩٩٨).

لای ڤیریلیو جەستە بنەمای دوو سیفەتی جەوهەری مرۆڤایەتییە، کە ئەوەش زانین و خەیاڵە. ئەم فەیلەسوفە فەرەنسییە لە «لەبیرچوونەوەی تۆپۆگرافی»(Virilio,١٩٩٤: ١-١٨) دا دەڵێت: زیادبوونی پشتبەستنمان بە ئامێرەکانی بینین، کە بە شێوەیەکی هەڵبژێردراو جیهان تۆمار دەکەن و لێکدەدەنەوە، جا چ تەلەسکۆپ بێت، کامێرا بێت، یان تۆمارکەری دیجیتاڵی، بووەتە هۆی تێکچوونی توانای ئێمە بۆ ناسینی جیهان و کەمبوونەوەی توانای خەیاڵمان (McAllister, ٢٠٠٨: ٥٦٧-٥٨٩). ئەمە ئەوەمان پێدەڵێت، کە جەستەی مرۆڤ چیتر بەپێی کاتە بایۆلۆژییەکان کارناکات، بەڵکو بەپێی کاتە تێکنەلۆژییەکان کارئەکات. ئێستا جەستە لە تێکنەلۆژیای جۆراوجۆر پێکهاتووە و بەم شێوەیە خێرایی دەچێتە ناوەوە. جەستە ئەبێت بە «ئاڕاستەکەری خێرایی» یان «ئۆتۆمبێلی میتابۆلیک (Virilio «metabolic,٢٠٠٦). لەو شوێنەی، کە نیچە ڕۆژانێک باسی لە «ویست بۆ دەسەڵات» کردووە، ڤیریلیو باس لە «ویست بۆ هیچ، ویست بۆ بۆشایی» و «جەستە بەبێ

ویست» ئـەکات. ئێستا دۆزێکە، کـە بەشـێکی بەهـۆی داگیرکردنی جەسـتە لەلایـەن تێکنەلۆژیـا جۆراوجۆرەکانەوە بەرهـەم هێـنراوە(Fossen,١٩٩٨).

سـەرباری ئـەوە، لـە کتێبی»ئامێـری بینیـن» دا دا ڤیریلیـو بۆئاگادارکردنەوەمـان لـە دەرئەنجامەکانـی زیادبوونـی پشتبەسـتنمان بـە «ئامێـری بینیـن» وێنـەی بەهێـز بەکاردەهێنێـت. ئـەو بانگەشـەی ئـەوە ئـەکات، کـە ئەندامـە هەسـتیارەکانمان دەشـێوێن و ئێمـەش دەگۆڕێیـن بـۆ زینـدەوەری سـادە لـە ڕووی دەمارییـەوە (Brown،٢٠٠٣). ئەمـە بـەو مانایـەش دێـت، کـە ڤیریلیـو جەسـتەی مـرۆڤ وەک پاسـیڤێک ئەبینێـت. ئـەو بانگەشـەی ئـەوە ئەکات، کـە زیادبوونـی پشتبەسـتنمان بـە ئامێرەکانـی بینیـن بـەو مانایـە بـووە، کـە ئێمـە ئەندامەکانـی هەسـتکردنمان کەمـتر و کەمـتر بەکاردەهێنیـن(McAllister, ٢٠٠٨: ٥٦٧-٥٨٩). ڤیریلیـو لـە شـوێنێکیتردا ئامـاژە بـەوە ئـەدات، کـە سروشـتی جەسـتەمان لـە پرۆسـەی گۆڕینـی ڕیشـەییدایە. ئاگادارمـان ئەکاتـەوە، کـە نـە «ڕەوشـت و نـە ڕەوشـتی بایۆسیاسـی» توانـای پاراسـتنی جەسـتەیان هەیـە لـە گۆڕینـی بـۆ «مـاددەی سـەرەتایی» (Virilio,١١٣:١٩٩٥). ئامێرەکانـی بینیـن بـە وردی هەمـوو وردەکارییەکانـی جەسـتەیەک یـان ڕووداوێـک لـە سـاتێکی دیاریکـراودا تۆمـار دەکـەن، لـە کاتێکـدا تەکنیکـە هونەرییـەکان بـە مەبەسـت و بـە ناڕوونـی و ناتـەواوی کاردەکـەن بـۆ پێشـنیارکردنی ئەگـەرەکان لـە دەرەوەی ئـەوەی دەبینرێـت. بـەم شـێوەیە، ئامێرەکانـی بینیـن، بەپێـی فەلسـەفەی جەسـتەی ڤیریلیـو، شکسـت دەهێنـن لـە سـەرقاڵکردنی توانـای جەسـتە بـۆ خەیاڵکـردن. بـە تێپەڕبوونـی کات، لەگـەڵ پشتبەسـتن بـە ئامێرەکانـی بینیـن، جەسـتەی مـرۆڤ کەمـتر هەسـت ئـەکات و بیـر ئەکاتـەوە. لەبـری ئـەوە بـە سـادەیی هـەر وێنەیـەک پێـش خـۆی فـلاش ئـەکات. ڤیریلیـو بـەو ئەنجامـە دەگات،کـە جەسـتە بچـووک ئەبێـت بـەوە بـۆ زینـدەوەری سادە(McAllister, ٢٠٠٨: ٥٦٧-٥٨٩). ئـەم لایەنـە لای ڤیریلیـو جووڵـەی جەسـتەش ئەخاتـە ژێرپرسـیارەوە. چـۆن؟ چونکـە لای ڤیریلیـو جووڵـە ڕەوڕەوەی مێـژووە. لـە ڕێـگای ڤیریلیـوەوە فێـری ئـەوە دەبیـن، کـە  ئـەوەی بـە خێرایـی ئەجووڵێـت مەیلـی ئـەوەی هەیـە بەسـەر ئـەو شـتەدا زاڵ بێـت بـە هێواشـی ئەجووڵێـت. خاوەنداریەتـی خاکێـک بـە پلـەی یەکـەم پەیوەندیـی بـە یاسـا و ڕێککەوتنەکانـەوە نییـە، بەڵکـو بـە پلـەی یەکـەم پەیوەندیـی بـە جووڵـەوە هەیـە.

گرنگـە هێـما بـۆ ئـەوەش بکەیـن، کـە جووڵـە ،لـە تێگەیشـتنی فەلسـەفیی ڤیریلیـودا، واخـۆی نیشـانئەدات بەرهەمـی خێرایـی سـەردەمە. ئـەو جووڵەیـەی لـە گشـت شـوێنێک دا بەدیئەکرێـت دەرئەنجامێکـی ڕاسـتەوخۆی خێراکردنـە. ئـەم جـۆرە خێراییـەی بـەردەوام ڕێکەوتـی دەکەیـن بـێ شـوێنە، یـان گشـت شـوێنێک بـە شـوێنی خۆی دەزانێـت. جووڵـە لەگـەڵ خێرایـدا یەکیگرتووەتـەوە و ئەمـەش وایکـردووە جووڵەکانمـان بـێ سـنور و ناکۆتابـن، بـۆ کـوێ بمانەوێـت بڕۆیـن، کـەی بمانەوێـت بگەیـن. تایبـەت بـەم لایەنـە ڤیریلیـو بۆچوونـی سـەبارەت بـە خێرایـی و خێراییکـردن بـەرەو ئـەوەش دەبـات، خێرایـی، کـە دێتـە سـەر شـتێک چییەتیەکـەی ئەگۆڕێـت و وایلێئـەکات گۆڕانێکـی زۆر بێتـە سـەر سروشـتی ئـەو شـتە. ئەوەتـا لـە کتێبـی ”ڕەهەنـدی ونبـوو“دا نووسـیویەتی: ”خێراکـردن و خاوبوونـەوە ... تاکـە ڕەهەندەکانـی مـەودا، خێرایی-مـەودا، مـەودای درۆمۆسـفێریین، کـە چیـتر ناتوانرێـت بـە جەوهـەری و فـراوان پێناسـە بکرێـن ( Virilio,١٠٢:١٩٩١).

لـە بەشـی یەکەمـی کتێبـی «خێرایـی و سیاسـەت»دا، ڤیریلیـو هێـما بـۆ ئـەوە ئـەکات، کـە ژیانـی سیاسـی بـە جووڵـەی فیزیکـی (فەزایـی) جەمـاوەر دیـاری ئەکرێـت، ئەمـەش لـە شـەقامە قەرەباڵغەکانـی شـاردا لـە کاتـی

ڕۆژانــی شۆڕشــەکان دا هەســتپێئەکرێت. ئەمــەش لەبەرئەوەی»هەمــوو شۆڕشــێک لــە شــاردا ڕوودەدات«.
داگیرکردنـی شـەقام بـە واتـای دەستەبەرکردنی سـەرکەوتنی جەمـاوەری شۆڕشـگێڕ دێـت. هـەر بـەم شـێوەیەش سـەرکەوتنی شۆڕشـی گـەورە لـە فەرەنسـا بەدیهـات. ڤیریلـۆ بـۆ ئـەو مەبەسـتە ئامـاژە بـە قسـەکانی گۆبێڵـز ئـەکات و نیشـانیئەدات، کـە هەمـان ئـەم یاسـایەی سیاسـەتی سـەر شـەقامەکان بنەمـای ڕژێمـی فاشیسـتی ئەڵمانیا بـووە. تەقینــەوەی جووڵــەی سیاســی و داگیرکردنــی شۆڕشــگێڕانەی دەســەڵات هەمیشــە ســەرەتا بــە درێژایــی شـەقامەکانی شـار و پاشـان بـە درێژایـی ڕێگاکانـی خاکەکانـی تەنیشـت یەکتر دەگوازرێتـەوە و ئەمـەش پێویسـتی بـە ڕێکخسـتنەوەی جووڵـە و خێرایـی جەمـاوەر هەیـە(Virilio,٢٠٠٦:٢٩-٣٥).

خێرایــی بــۆ ڤیریلیــو نیشــاندەری خێرایــی جووڵــە نییــە لــە بۆشــاییدا، بەڵکــو پەیوەندیــی نێــوان دیاردەکانــە. خێرایـی وا ئـەکات نـەک تەنهـا بـە ئاسـانی بجوڵێیـن، بەڵکـو بـە شـێوەیەکی چڕتـر جیهانـی دەوروبەرمـان ببینیـن و ببیسـتن و هەسـتی پێبکەیـن. بـەڵام خێرایـی نـەک هـەر تێگەیشـتنی ئێمـە دیـاری ئـەکات ، بەڵکـو سنوورداریشـی ئـەکات و پێناسـەی شـێوازی دەرکەوتنـی شتەکانیشـمان بـۆ ئـەکات. ڕاسـتی دیاردەیـەک بـە خێرایـی دەرکەوتنـی دیـاری ئەکرێـت. کەواتـە بـۆ نموونـە ئۆتۆمبێـل لێخوڕێـک دیمەنەکـە وەک پاشـبنەمایەک هەسـت پێئـەکات، کـە لـە بەرامبـەردا فیگـەرەکان دەردەکـەون، بـەڵام لـە هەمـان کاتـدا خـودی ئاسـۆش ئەجووڵێـت. ئەمـە ئەزموونـی «درۆمۆسـکۆپ»ە و شووشـەی ئۆتۆمبێلەکـە ڕۆڵـی شاشـەیەکی درۆمسـکۆپ» ئەبینێـت، ئەمـە وەک ئەوەوایـە، کـە شـتە بـێ گیـان و بـێ جووڵـەکان بـە جووڵەیەکـی هێمنانـە زینـدوو بکاتـەوە. ڤیریلیـو ئامـاژە بـە ڕۆڵـی پێکهێنـەری خێرایـی ئـەکات لـە پێکهاتەکردنـی بـواری تێگەیشـتن.

درۆمۆســکۆپی ئەزموونێکــی چۆنایەتــی جیــاوازە بــە بــەراورد بــە هەســتکردن بــە جەســتەیەکی هێــواش، کــە ئەجووڵێـت، بـۆ نموونـە لەکاتـی ڕۆیشـتندا. تێڕوانیـن بـۆ شـتەکان لـە کاتـی جووڵـەی خێـرادا نـەک هـەر شـێوازی دەرکەوتنیـان دیـاری ئـەکات، بەڵکـو هەڵوێسـتمان بەرامبەریـان ئەگۆڕێـت. چیـتر ناتوانرێـت هەسـتیان پێبکرێـت، دەسـتیان لێبدرێـت، لـە سـەقامگیری ئامادەبوونیانـدا لێکۆڵینەوەیـان لەسـەر بکرێـت، بەڵکـو پێدەچێـت فۆڕمـی شـل بـن، کـە لـەو سـاتەوەختەی دەردەکـەون دەسـت دەکـەن بـە نەمـان(Тищенко,٢٠١٠: ٥٤). کەواتـە خێرایـی جەسـتە جووڵـەی خـۆی هەیـە و بەشـێکیش لـە خـودی پەرەسـەندنی خێرایـی پێکدێنێـت.

بەپێـی تێگەیشـتنی فەلسـەفییانەی ڤیریلیـو ئـەو خێراییـەی لـە جووڵـە دروسـتبوو خێرایـی بـوو لـە ڕووناکـی، ڕووناکـی لیـزەر، کـە سێسـتەمی چەکـی نوێـی پێکهێنـا، کـە لەناواخنـدا کۆمپیوتـەر لەخۆدەگرێـت. ئـەو جـۆرە جەکـەش ئـەم ڕووناکییـە پیادەئـەکات گشـت جوگرافیـاکان تێدەپەڕێنێـت و چۆنیشـی بوێـت وائـەکات. ئـەو خێراییـە لـە دییـدی ڤیریلیـوەوە ئـەو تێکنۆلۆژیـای سـەربازییەی دروسـتکرد لـە ئێسـتادا لەسـەر ژیانمـان مەترسـییە و گشــت وزەی مرۆیمانیشــی بــردوە(Virilio, ٢٠٠٦:٧٦-٨١).

## باسی سێهەم: بەسیاسیکردنی خێرایی:

شۆڕشی درۆمۆکراتی وەک شۆڕشێکی سیاسیی

ڤیریلیـو وەک تێۆریزەکەرێـک لـە بـواری خێرایـی کۆمەڵایەتیـی و سیاسـەت و جەنگـی سـەردەمی سـایبەرنێتیک جەختلەسـەر ئـەوە ئـەکات، کـە خێرایـی دیاردەیەکـی سیاسـییە و بەکاربردنیشـی لەلایـەن دەسـەڵاتی سیاسـییەوە

ڕەوتـی خێرایـی بەسیاسـیکردووە. زۆربـەی زلهێـزە سیاسـییەکانیش لـە ڕێـگای خێراییـەوە دەسـەڵاتی خۆیـان بەهێزکـردووە. لـە ئێسـتادا هێـز لەسـەر بنەمـای خێرایـی دادەمەزرێـت؛ خێرایـی بووەتـە پرسـێکی سـەرەکیی سیاسـەت و بـەم شـێوەیە جیهـان گیـرۆدەی پەیوەندییـە دراماتیکییەکـەی خێرایـی و دەسـەڵات بـووە. تـەوەری خێرایـی و سیاسـەت بـۆ چەندیـن سـاڵ یەکێـک بـووە لـە بابەتـە سـەرەکییەکان لـە بەرهەمەکانـی ڤیریلیـو دا. تەنانـەت ئـەوە خێراییـەکان بـوو پێکهاتـە کۆمەڵایەتیـی و سیاسـیە نەریتییەکانـی سـەردەمی مۆدێرنەیـان لەناوبـرد و جیهانـی مۆدێرنەیـان دروسـتکرد. کۆمەڵگـە مۆدێرنـەکان بەپێـی لۆژیکـی خێرایـی جووڵـە و پەیوەندییکـردن، کـە هەمیشـە لـە زیادبووندایـە، پەرەیـان سـەندووە. «پێشـکەوتن»ی هـەر قۆناغێـک بـە بـەراورد لەگـەڵ قۆناغـی پێشـوو خێراتـر بوونـی جووڵـەی مرۆڤـەکان، یـان پەیامـەکان بـوو، کـە بـە ڕێگـەی تێکنەلـۆژی نـوێ دابیـن دەکـرا. کەواتـە خێرایـی ئـەو چەمکەیـە هەمـوو ڕەنگدانـەوەی ڤیریلیـو لەسـەر کاریگەریـی تێکنەلۆژیـای مۆدێـرن لەسـەر تێگەیشـتن و لەسـەر پرۆسـەی کۆمەڵایەتیـی و سیاسـی یەکدەخـات(Тищенко, ٢٠١٠:٢).

پاراسـتنی پرۆسـەی کۆمەڵایەتیـی و سیاسـی لـە کارەکانـی ڤیریلیـو دا گرنگـی خـۆی هەیـە. لـە وەڵامـی پرسـیاری چـۆن مـرۆڤ دەتوانێـت ڕێگـری لـە تێکچوونـی گشـتی بـکات، ڕێگـری لـە خراپتربوونـی داهاتـوو بـکات، ڤیریلیـو بـەم جـۆرە دەدوێـت: بـە دیموکراسـیەت ئەکرێـت ئـەوە بکرێـت. دیموکراسیەت لـە ئەمڕۆدا لـە مەترسـیدایە. نەک بەهـۆی ئـەو چەنـد دیکتاتـۆرەی لـە جیهانـدا هـەن، کـە هەمیشـە بوونیـان هەبـووە و هەمیشـە بوونیـان دەبێـت، بەڵکـو بەهـۆی تێکنۆکراسـی و کاریگەرییـە ئەهریمەنییەکانی ئـەم تێکنۆکراسیەوە(Вирильо,٢٠١٠:٣٥٥-٣٦٤ ).

لـە ڕێـگای شـیکاریەکانی ڤیریلیـوەوە تێکنەلۆژیـا خێراییەکـەی نوێنەرایەتـی فۆرمێکـی تایبەتـی دەسـەڵاتی سیاسـی ئـەکات، بـەڵام پرسـیاری سـەرەکیی لێـرەدا پەیوەندیـی نێـوان خێرایـی و هێـزە. تـا داگیرکـەر خێراتـر و جووڵاوتـر و بەهێزتـر بێـت، ئەنجامـی سـەرکەوتنەکان زۆرتـر دەردەکەون. ڕێگەی نـوێ بۆ مانـەوەی درۆمۆکراسـی تەکنەلۆژیایە، کـە لەسـەر بنەمـای خێرایـی ئامێـرەکان دامـەزراوە و پاشـان چەکـی ئەتۆمـی لـە نیوەی دووەمی سـەدەی بیسـتەمدا ئەبێـت بـە سـەرچاوەی یاسـای دەسـتوری و دەسـتکاری دەسـتوری ڕاسـتەقینەی دەوڵەتـەکان ئـەکات. ڤیریلیـو بـەم شـێوەیە قەیرانـە سیاسـییەکانی حەفتـاکان لێکئەداتـەوە. گواسـتنەوەی بۆمبەکـە (بارگـەی ئەتۆمـی) و کاراییەکـەی، هەروەهـا خێرایـی و بەرپرسـیاریەتی بڕیـاری لێدانـی ئەتۆمـی (دەسـەڵاتی دەوڵـەت «جانتـای ئەتۆمـی»)، ئەبێـت بـە پرسـێکی بنەڕەتـی لـە بڕیاردانـی سیاسـیدا. ئەمـە وائـەکات ڤیریلیـو دانبەوەدابهێنێـت، کـە ئێسـتا شـەڕ و خێرایـی و تێکنەلۆجیـا بوونەتـە بناغـە بنەڕەتییەکانـی حکومـەت ( Virilio, ٢٠٠٦:٨٣-١٣٦).

سـەبارەت بـە پەیوەندیـی خێرایـی و سیاسـەت ڤیریلیـو ئامـاژە بـە دیوێکـی گرنگـی ژیانـی سـەدەی بیسـت ئـەکات، کـە دیـاردەی بەسـەربازیکردنە. دیـاردەی بەسـەربازیکردن، زانسـت بێـت یـان کۆمەڵگـە، لـە خێراییـەوە سـەرچاوە دەگرێـت. سـوپا سـەرباز دەنێرێـت بـۆ چالاکییـە مەدەنییـە جۆراوجـۆرەکان بـۆ یارمەتیدانـی منـداڵان، کۆکردنـەوەی زبـڵ، پەیوەندییـەکان، کاری خێرخـوازی و ....هتـد . سـوپا هەوڵئـەدات لـە خەڵکـەوە نزیکتر بێـت (بـۆ ئـەوەی زیاتـر بەناوبانـگ بێـت) بـە ئەنجامدانـی بۆنـە ناوخۆییـە هاوبەشـەکان لەگـەڵ شـارەوانییەکان. میلیتاریزەکـردن وردە وردە پێکهاتـە کۆمەڵایەتییـە جۆراوجـۆرەکان هەڵدەمژێـت، بـەڵام بەهێزتریـن کاریگـەری ئـەم هەڵمژینـە لـە پەیوەندیـی لەگـەڵ چینـی کرێـکاردا دەردەکەوێـت. نموونـە سەرنجڕاکێشـەکەش تایبـەت بـەم لایەنـە ڕژێمـە

کۆمۆنیست و فاشیستەکانە. فاشیزم لە تێگەیشتنی سیاسییانەی ڤیریلیودا واتە پاڵنەری شەڕ، کە بە شێوەیەکی ڕیشەیی ئینکاری مرۆڤایەتی ئەکات. ڤیریلیو دەڵێت جیهانی ڕۆژئاوا بە گشتی، دیموکراسییە سەربازییە-پیشەسازییەکانی، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ستراتیژی بنیاتنانی پلەبەندییەکی لۆجستیکی خێرایی پەیڕەو ئەکات و هەر پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتیی ئەکاتە «سەربازێکی نەناسراوی سیستەمی خێرایی»( Ibid:۸۸-۱۳۶ ). لە کۆتا بەشی کتێبی «خێرایی و سیاسەت»دا، کە ڤیریلیو باس لە بارودۆخی هەڵوەشاندنەوەی درۆمۆلۆژیی شوێن و مەودا ئەکات. ئەم باسە ڕەهەندی سیاسیی زۆرە. یەک لەوانە ئەوەیە، کە ڤیریلیو دەگاتە ئەو ئەنجامەی، کە لە سەردەمی چەکی ئەتۆمی (و جۆرەکانی تری چەکی کۆمەڵکوژ)دا، تەکنیکەکانی ڕێکخستنەوەی فەزا و کات، کە فرەرەهەندی دوانەی خێرایی/لێدان دروست ئەکات، تاکتیکی خۆیان دەگۆڕن. تەکنیک، کە بەرپرسیارە لە کات/خێرایی ئۆپەراسیۆنەکە، واتە لە بڕیاری هێرشکردندا جێگیرکراوە، بەڵام سەربازەکان لە جووڵە و مانۆڕدا لەڕادەبەدەر سنووردار دەکرێن. باری نائاسایی بەو مانایەیە، کە کات نییە (و پێویست ناکات) بۆ کردار. «بۆمب» لە مێشکی مرۆڤەکاندا جێگیرە و مەترسیدارترە لە تەقینەوەی بۆمبێکی ئەتۆمی ڕاستەقینە. باری نائاساییش بەو مانایەیە، کە «جەنگ لە قۆناغی کردارەوە بۆ قۆناغی دووگیانی تێپەڕیوە»، باری نائاسایی بە واتای «تەواوی دەستبەسەرداگرتن» دێت. هەموو ئەم هۆکارانە دۆخێکی ڕێگری ستراتیژی دروست دەکەن، کە تێیدا گەشەی بێسنوور لە کاریگەریی چەکدا بەردەوامە، بەڵام ژمارەیان کەم ئەبێت بەوە. لە لایەنی دینامیکیدا دۆخەکە بەجۆرێکە، لەسەر نزیکبوونەوەی ڕژێمەکانی خێرایی شارستانی ڕۆژئاوا لە خێرایی ڕووناکی وەستاوە. لێرەدا ڤیریلیو ڕووبەڕووی کێشەیەک ئەبێت بەوە، کە لە ژمارەیەک لە بەرهەمەکانی دواتریدا دێتەوە سەری («ئاسمانی کراوە»،»بۆمبی زانیاری») ( Ibid:۱٤۹-۱٦۱).

بەمجۆرە،ئەکرێت بوترێت، زۆرجار ڤیریلیو ئەوەی تایبەتن بە پرسی خێرایی و تێکنەلۆجیاوە لە پەیوەندیی بە دەسەڵاتی سیاسییەوە شیئەکاتەوە. چونکە بۆ ڤیریلیو مێژوو ئەوەیە، کە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان بەرهەمیان هێناوە؛ واتە ئەوەی «ئامێری جەنگ» کردوویەتی نەک «ئامێری کارگە». نەک هەر ئەوە، بگرە لە هزری فەلسەفیی ڤیریلیودا دەسەڵات و گەشەپێدان چەمکێکن، کە بە پلەی یەکەم بە گرنگیدان بە پرسی خێرایی، وەک جەوهەری سەردەمی ئێستا، بەڕێوەدەبرێن. ئەمە بەو مانایە دێت بۆ ڤیریلیو، مێژووی دامەزراوە کۆمەڵایەتیی-سیاسیەکان و بزووتنەوە سەربازی و هونەرییە هاوشێوەکانی ئایندەگەرایی، نیشانی دا، کە جەنگ و پێویستی بۆ خێرایی، بناغەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییە، نەک بازرگانی و ئارەزوو بۆ سامان. واتە خێرایی بێلایەن نییە، بەڵکو سیاسییە. خێرایی سیاسیش لایەندارە و گۆڕانی گەورەی کۆمەڵایەتیی بەدەمەوەیە. لەبەرئەوەی خێرایی پەیوەندیی مرۆڤی بە جیهانەوە گۆڕیوە ئەمە وائەکات ئێمە لەناو خێرایی بەردەوامدا بین و درۆمۆکراسی(دەسەڵاتی خێرایی)یش ببێتە تاکە کراسی(دەسەڵات) لەناو سیاسەتدا. بەڵام ئایا ڤیریلیو ئەو کۆیلایەتییە دەشکێنێت، کە ئامێرەکانی بینین و تێکنەلۆژیا مۆدێرنەکانی تر بەسەر ئێمەدا هەیانە؟( McAllister, ۲۰۰۸: ٥٦۷-٥۸۹). ئەکرێت بوترێت، خێرایی ڕووناکی شەپۆلە کارۆموگناتیسیەکان، بەپێی ڤیریلیو، پێکهاتەی تێگەیشتنی مرۆڤ بە شێوەیەکی ڕیشەیی ئەگۆڕێت. بۆیە خوێنەرانی ڤیریلیو لەو گومانە بە تەواوی ڕزگاریان نابێت، کە لە ڕاستیدا تووشی تەکنۆفۆبیا بوونە (Fossen,۱۹۹۸).

# ئەنجام

گرنگترین ئەو دەرئەنجامانەی لەم توێژینەوەیەدا پێی گەیشتووین بریتین لەم خاڵانەی خوارەوە:

١/ شۆرشــە زانســتییەکان ڕیشــەی تیــۆری خێرایــی پێکدێنــن و زانینیــش، کــە بەرهەمــی گەشــەی تێکنەلۆژیایــە، زانینێکــی خێرایــە و خێــرا کارئــەکات و دیدمــان بــۆ خۆمــان و جیهــان ئەگۆڕێــت، کاریگەرییــش لەســەر تــاک و جیهــان دائەنێــت و دروســتکەری ترسیشــە.

٢/ چەمکــی جەنــگ بووەتــە دیــاردەی بەهــاکان نــەک شــەڕی شــوێن (جوگرافیــا)، کــە تێیــدا چەمکــی فەزایــی داخــراوی شــار لــە بچووکبوونەوەدایــە. ئەڵبەتــە ئەمــە شــتێکی تــر جێگــەی دەگرێتــەوە، کــە چەمکــی شــاری کراوەیــە، یــان ئاســمانی کــراوە. ئەمــە وائــەکات جەنــگ بــەرەو ئاســمان بچێــت و شــار بەجێبێڵێــت.

٣/ خێرایــی پێماندەڵێــت لەنــاو کارگێــڕیّ ترســدا دەژیــن. واتــە تــرس بووەتــە ژینگــە، دیمەنێکــی ڕۆژانــە. کارگێــڕی تــرس وەکــی تــر ڕێکخســتنی ترســە، کــە ئــەوەش بەسیاســەتکردنی تــرس دێــت. هــەر لەبەرئــەوە، بەوتــەی ڤیریلیــو، کارگێــڕی تــرس لەئێســتادا لەلایــەن تێکنۆلۆژیــای زانیاریــی و گەیاندنــی نوێــوە بەڕێوەدەچێــت.

٤/ خێرایــی دیــدی ئێمــەی بــۆ جیهــان گۆڕیــوە و کاریگەریشــی لەســەر ئابووریــی، جیۆسیاســی و ژینگــە زۆرە. ئەمــە وائــەکات ســێبەری خێرایــی لەنــاو گشــت چالاکییەکانمانــدا بوونــی هەبێــت: وەرزش، خوێنــدن و فێربــوون، ســێکس، ســەما، نانخــوادن و.... هتــد.

٥/ خێرایــی جووڵــە دەستنیشــانئەکات. جووڵــەی ســەردەمی ئێســتا خێراییەکــی زۆری تیاکــراوە. بۆیــە کات لــە جووڵەی بەردەوامدایــە و خێــرا و خێراتریــش دەڕوات. ئایندەناســان پێشــتر ستایشــی ئــەم زیادبوونــە بەردەوامــەی خێرایییــان کــردووە و پەسەندیشــیان کــردووە. بەمجــۆرە خێرابوونــەوەی نارێژەیــی شــەپۆلی کارۆموگناتیســی وێنــەی ئێمــەی بــۆ ژیانــی ئێســتامان گۆڕیــووە.

٦/بەپێــی تێۆرییەکانــی ڤیریلیــو تایبــەت بــە خێرایــی بــۆ تێگەیشــتن لــە گۆڕانــکاری کۆمەڵایەتیــی، دەبێــت خێرایــی و تێکنەلۆژیــای پەیوەندییــدار، وەک فاکتــەری لێخوڕیــن لــە مێــژوودا ببینیــن، کــە خێراییــە بــەرزەکان مەیلــی ئەوەیــان هەیــە لــە خێراییــە نزمەکانــی ببەنــەوە. بــۆ ڤیریلیــۆ خێرایــی نــە باشــە و نــە خراپــە. ئــەوەی کــە پێویســتە هەبێــت دیســپلین و کۆنــترۆڵ و دابەشــکردنی دیموکراسیانەیە. بــەڵام ئــازادی مــرۆڤ کــەم ئەبێــت بــەوە لەگــەڵ پەرەســەندنی تێکنەلۆجیــا و خێرایــی. بــۆ ئــەو مەبەســتەش گەشــەی دیموکراســی و گفتوگــۆ پێویســتی بــە کات هەیــە. ئــەم گەشــەیەش تــرس لــە خێرایــی کەمئەکاتــەوە.

٧/ لــە کۆمەڵگــەی درۆمۆکراتیکــدا جووڵــە ســەرچاوەی دەســەڵات و باڵادەســتی ســەربازییە. بۆیــە بۆهاتنــەدەرەوە لــە ســتەمی خێرایــی، کــە تێکنەلۆژیــا دەیســەپێنێت، ڤیریلیــو داوای بڵاوبوونــەوەی دوو جــۆر لــە ڕۆشــنبیریی ئەکات: ڕۆشــنبیریی ئایینــی و ڕۆشــنبیریی هونەریــی. بەبێگومــان هاتنــەدەرەوەش لــە ســتەمی خێرایــی ڕێــژەی تــرس لــە خێرایــی لاوازئــەکات.

٨/ کات، کــە جێگــای شــوێن دەگرێتــەوە لــە هــزری فەلســەفیی ڤیریلیــو وەک کێشــە تەماشــائەکرێت. ئــەم کێشــەیە ســەرچاوەکەی خێرایــی ڕوناکییــە، کــە هــەر جیهــان ناگۆڕێــت، بەڵکــو ئەبێــت بــە خــودی جیهــان. خــودی خێرایــی مــەودای نێــوان کات و شــوێنیشــی کوشــتووە. ئــەم خێراییــە شۆڕشــێکی لــە گەیانــدن دروســتکردووە، کــە بووەتــە هــۆکاری دابڕانــی مــرۆڤ لــە واقیعــی خــۆی. کەواتــە گەیاندنــی ڕاســتەوخۆ لەنێــوان مرۆڤــەکان بــەرەو نەمانچــووە و

لەبری ئەوە گەیاندنێکی تێکنەلۆژی ناهەستی و ناجەستەیی دروستبوو. ترسیش لە نەمانی بەکۆمەڵایەتیبوون لێرەوە سەرچاوەدەگرێت. بۆیە جەستە ئەو کاریگەرییەی لەبەردەم خێراییدا نەماوە و پەیوەندیی خودیش بە ئەویترەوە بەرەو نەمان دەچێت.


## Abstract

Fear of speed in the philosophy of Paul Virilio

Now we are in a very new society, and speed is one of the characteristics of this society. This speed, which has become part of our human nature and has affected our consciousness, has brought with it fear.High-speed trains, drones, the Internet, laser-powered rockets, etc., all make speed seem absolute. The speed of the times, which has become an ideology and has occupied the public, is also seen in the economy, the military and politics. Our movement has become part of us under the pressure of this speed. Our movements are not normal and are present everywhere (in the bank, in the bedroom, in the bathroom, on the train, in...). In other words, our time is an age of excessive speed. Speed is responsible for all our accidents. Accidents are products of speed. The bigger and faster the trains, ships and planes, the bigger the accidents. This is where the fear of speed begins. Paul Virilio's (19322018-) philosophical works have not been studied at the Kurdish Academy. In this study, the fear of speed in Virilio's philosophy is the fear of several subjects, which form the basis of this study. Fear of speed is a fear of the physical dimension of the new civilization, a technological civilization, which plays a major role in creating speed and acceleration, and a fear of speed technologies, which degrade distance and physical experience. The study believes that the destructive forces of modern civilizational technologies and techno-industrial society, which brought about this speed, are responsible for creating fear.

Thus, when Paul Virilio focuses on speed in his research, he brings us closer to the speed of the new man and his behavior. That is, he considers speed as a test of knowledge of the times and their phenomena. Therefore, this study, which is about fear of the speed of time, has two important objectives. The first goal is to work on Virilio's philosophical approach to speed, which has produced social and political acceleration. Another purpose of this study is to examine how the physical speed of technology, which is a Virilio theory, affects the phenomena of new society (movement, time, body, city, war) and becomes a source of fear. So according to Virilio's philosophy of dromology, speed is the best measure of the growth of today's society.


**Keywords: fear, speed, Paul Virilio, war, time, city, movement**

لیستی سەرچاوەکان

Andersen, Joakim. Paul Virilio och dromokratin. 2008.

https://motpol.nu/oskorei/200824/08//paul-virilio-och-dromokratin/

Armitage, John. The Kosovo War Took Place In Orbital Space: Paul Virilio in Conversation, Ctheory. 2000.

Armitage, John. Remembering Paul Virilio. 2019.

https://eprints.soton.ac.uk/4273661//Remembering_Paul_Virilio_002_.pdf

Brown, Wendy. Resisting left melancholia. Berkeley, CA: University of California Press. 2003

Fossen, Erling. En dromologs profetier. Essay. Publisert 25. august 1998.

https://www.vinduet.no/essayistikk/en-dromologs-profetier-om-paul-virilio/.

James, Ian. Paul Virilio. Routledge. 2007.

Kellner, Douglas. Virilio on Vision Machines. Film-PhilosophyVolume 2, Issue 1December, 1998.

https://www.euppublishing.com/doi/epdf/10.3366/film.1998.0030

Kellner, Douglas. Virilio, War, and Technology: Some Critical Reflections. 1999.

http://www.gseis.ucla.edu/faculty/kellner/kellner.html

McAllister, Kirsten Emiko. Virilio: Mimesis, Mourning, and Modern Technology. Simon Fraser University. Canadian Journal of Communication, Vol 33 (2008) 567589-.

Noualhat, Laure. «La vitesse réduit le monde à rien»67. Interview avec Paul Virilio. 3 -7- 2010.

https://www.liberation.fr/societe/201003/07//la-vitesse-reduit-le-monde-a-rien_663490

Redhead, Steve. Paul Virilio: A theorist for an accelerated culture. Toronto, ON:University of Toronto Press. 2004.

Sinclair, Jim. Desert Screen: War at the Speed of Light Paul Virilio. London: Athlone Press. The Open Polytechnic of New Zealand. 2002.

Sobchack, Vivian. Carnal thoughts: Embodiment and moving image culture. Berkeley, CA: University of California Press. 2004

van Reis, Mikael. Paul Virilo skärskådade moderniteten. 2018.

https://www.gp.se/kultur/kultur/paul-virilo-sk%C3%A4rsk%C3%A5dade-moderniteten-1.10024784

Virilio Paul. The Lost Dimension. Translated by Daniel Moshenberg– N-York, 1991.

Virilio, Paul. The Vision Machine. Translated by Julie Rose. Bloomington: Indiana University Press, 1994.

Virilio, Paul. The Art of the Motor. Translated by Julie Rose. Minneapolis. 1995.

Virilio, Paul. Försvinnandets estetik. Översättare och förord:Peter Handberg. Bokförlaget Korpen.1996 .

Virilio, Paul. The Information Bomb. London: Verso. 2000.

Virilio, Paul. Speed and politics : an essay on dromology.Semiotext(e). 2006.

Virillo, Paul. Strategy of Deception . Translated by Chris Turner . Publisher, Verso Books. 2007.

Virilio, Paul and Richard, Bertrand. The Administration of Fear. New York: Semiotext(e). 2012.

Zurbrugg, Nicholas.. Not words but visions. In John Armitage (Ed.), Virilio live: Selected interviews (pp. 154163-). London: Sage. 2001.

Сидоров А. М, Поль Вирильо: тело, скорость и современное искусство. Работа выполнена в рамках реализации ФЦП «Научные и научно-педагогическиекадры инновационной России» на 2009–2013 годы, ГК № П579 от 18.05.2010 г. На проведение поисковой НИР по проблеме «Анализ соотношения современной философии искусства и художественных практик».

Вирильо, Поль. «Если время — деньги, то скорость — это власть». // «РУССКИЙ МIРЪ. Пространство и время русской культуры» № 4, 2010, страницы 355364-.

ТА Тищенко. Работа выполнена в рамках реализации ФЦП «Научные и научно-педагогические кадры инновационной России» на 2009–2013 годы, ГК № П579 от 18.05.2010 г. На проведение поисковой НИР по проблеме «Анализ соотношения современной философии искусства и художественных практик».